ژماره ١٥٤

روژ ٢٢ مانگ جولای سال ١٩٢٠

داواکر لە دانیشتوی گەڕەکی گوێژە حمە نادری جراح

داوالیکراو

داوای چیە لە پاشکو لە وە دە جراحی دلە ناو نەخۆشیا بە مساعدەی
هیئات صحیە جراحی پێویست بووم لە مملکت سلیمانیه تا بە اندرو
رخصت جراحی مرخص بون لو خصوصەدە شهادتنامە
تقدیم کرا لطف هیئات صحیە حاضرە دە لیاش
اهمیتی نە اجرای عملیات استرحام اەدی رخصتیە جراحی
بکم

معاون حاکم سیاسی

بلدیه

محکمهٔ صلح

محکمهٔ شرعیه

مالیه

پولیس

Civil Surgeon

مدیر گمرک

Please explain

قایم مقام

to petitioner the

مدیر

ruling on the subject

بو حضور حضرت حاکم سیاسی دام اقباله القدیم

عرض بنده ئەوەیە

بنده له بادکو ابرەوه بە حضرت حاجی تا بەرد ادعای کردوه وتی موکلت سلیمانی له حضرت حاجی حمه
ادعای دلوقت حقابا بە بیعدهٔ هیئات صحیحه حاجی بلدیکم کردوه وتم سقطه بغداد حضرت حاجی دایکه ترم
پیه ناکری عائله یکی زورم هیه اگر مساعدهٔ جنابت مساعده بی بواسطهٔ صحیحه تماشه وه ئیشی احوالی تحقیقات
ادعام بدن تا به حضرت معلوم که دعاجیه خوبیک بکم دل شایه عدالت حکومتوه تقاضا مالدوه نالم تا ئیمان بکم تا امدادی جناب صاحبیه

محمد نادر ...

REVENUE
8 annas

لە ئێستاوی گەرەکی گۆیژە حمە نادر ناوی جراح لە باوکو باپیرە دە صنعتیان جراحی بوە و لە زمان

عثمانیا هیأت صحیە عثمانی لە ئیشی راضی بون بە مساعدەی اوان جراحیتی بجدیە کردووە و بە حیادیەی کوتی


و تجربە لە ئیش جراحیا گلی مهری بیزاوە و مملکت تا بە امرو لە صنعت او راضی و ممنون بوە لطف

جناب صاحبوە اگر مساعدە بفرمون بۆ رسالە صحیە حاضرە دە اگر لە عملیاتا امتحان بکری و مرگاه

مناسب زانرا اذن ئەدری بو صنعت جراحی باعث ممنون لە کلیە یجابی استرحام دەکەین

مختاری گەرەکی گۆیژە — اختیار گەرەکی گۆیژە — اختیار گەرەکی گۆیژە — اختیار گەرەکی گۆیژە — امام مسجد حاجی — اختیار گەرەکی گۆیژە

حاجی رشید — ملا — مدرس و امام







عبدالصاحب کوری

عبدالرحیم آغا

عارف

حاجی نادر

احمد محمد

گەرەکی گۆیژە

گەرەکی ملکندی

١٨

١ ـ راوه کەروێشك و ریوی: ئەمە بە تانجی ئەکرێ.
٢ ـ راوه بەراز: لەپێشا بەهۆی سەگەوە ئەکرا، بەلاّم ئێستا سەگەکە لەناو چرەدا دەری ئەپەرێنێ بەسواری‌و بە تفەنگ ئەنیشنە سەری‌و ئەیکوژن.
٣ ـ راوەکەڵ: لە شوێنی تایبەتی کەڵەکانەوە لە شاخ راوکەر بە تفەنگەوە خۆی مات ئەدا تا بە بەردەمیا یەن، تەقەیان لیّ‌ئەکات‌ە بەم جۆرە راوەکەڵ ئەکەن لە ولاّتی ئێمە.
٤ ـ راوکەو: ئەم راوە چەند جۆریکی هەیە:
أ: شەرەبەق (بنە): راوکەر لە بەیانی زوودا بەشاخەوە لە (بنە)دا خۆی ئەشارێتەوەو ئەو کەوە نێرە راوی‌یەی پیّ‌یەتی ئەی‌نێتەوە بە درەختێکەوە کە دنیا روناك بووەوە کەوەکەی دەست ئەکاتە خویندن و کەوی‌تر بەدەنگیەوە یەن و ئەمیش تەقەیان لیّ‌ئەکات و چەند پیوەبوو کۆی‌ئەکاتەوە، ئەم جۆرە راوە بەتایبەتی لە بەهارو پایزا ئەکرێ.
ب: راوەکەو: ئەم راوەش وەك راوی شەرەبەق (بنە) ئەکرێ بەلاّم ئەو کەوەی راوچی‌یە کە ئەیبا بۆ راو لەسەر درەختێ دای‌ئەنێ ماکەوە.
حـ: راوە سەرکانی: راوکەر حەشارێك لەنزیك کانی‌یەکەوە دروست ئەکاو خۆی تیا حەشارئەدا، لە بەیانیدا کە دنیا روون ئەبێتەوە کەوی ئەو ناوچەیە یەن بۆ ئاوخواردنەوە راوکەر تەقەیان لی‌ئەکات و ئەیانکوژێ.
د: بۆ گار: لە بەهارا کەو بەرێچکە بە شوێنێکی تایبەتیا تیّ‌ئەپەرن راوکەر لەوەپێش لەحەشارا دائەنیشێ، کە کەوەکان نزیکی‌ئەبنەوە تەقەیان لیّ‌ئەکا، ئەم جۆرە راوە ماوەی دوو هەفتە ئەکرێ ئەویش لە دەمەدەمی نەورۆزا.
هـ: کوبوز (رەشەراو): راوکەر بەشوێن کەوا ئەگەرێ‌و کە تووشی هات تەقەی لیّ‌ئەکا.
هەروەها راوی گەلیّ شتی‌تریش بەم جۆرە ئەکرێ، وەك راوەپۆرو سمۆرەو سوێسکەو مراوی‌و ریشۆلەو کۆترو چێرگ و پلنگ و ورچ.. هتد. ئەم راوە بەتایبەتی لە پایزا ئەکرێ.

لە سالاّنی پێشووا کە ئەچوون بۆ راو دوای خۆئامادەکردن و هەڵگرتنی کەل وپەلی راو هەندیّ‌کەس بە سواری ولاّخ ئەچوون و چەند توولەو

| | |
|---|---|
| ١٧ ـ بەرێز غەفووری مەلاعەلی مەڵکەنی | بەڕیوەبەری قوتابخانە |
| ١٨ ـ بەرێز مەحموەفەندی رەسام | وینەگر |
| ١٩ ـ بەرێز یەحیا فەندی رەسام | وینەگر |
| ٢٠ ـ بەرێز رەشەی سورکە | مەللاك |
| ٢١ ـ بەرێز عارف هەلو | چاوەشیبەلەدیە |
| ٢٢ ـ بەرێز فەرج وێلەکەیی | پیاوی شێخان |
| ٢٣ ـ بەرێز رەشەی خاتوون | نانەوا |
| ٢٤ ـ بەرێز وەستا فەرەجی ناڵبەند | ناڵ بەن |
| ٢٥ ـ بەرێز ساڵحی عەلی قوباد | خاوەنی باخی کانێسکان |
| ٢٦ ـ بەرێز حەمەی محەی گوڵنام | بەنا |
| ٢٧ ـ حەمە عەلی وەستا حەبیب | بەنا |
| ٢٨ ـ بەرێز شێخ جەلالی شێخ رەشید | مەللاك |
| ٢٩ ـ بەرێز کەریمی حاجی | چایچی |
| ٣٠ ـ بەرێز فەرەج چاوشیین | پولیسی سوارە (برای ئەحلاّ چاوشین) |
| ٣١ ـ بەرێز شێخ ساڵحی حەمە قزلەری | پولیسی سوارە |
| ٣٢ ـ بەرێز شێخ لەتیفی دانساز | دانساز |
| ٣٣ ـ بەرێز جەلال ئەفەندی فەتاح ئەفەندی | مووچەخۆر |
| ٣٤ ـ بەرێز عەلی شەوقی (عەلی ئاگا) | مامۆستا |
| ٣٥ ـ بەرێز ئەحمەد مەلا قادر | پیاوی بەرێزشیخ قادری حەفید |
| ٣٦ ـ بەرێز شێخ جەلال بەرزنجی | مامۆستا |
| ٣٧ ـ بەرێز شیخ مستەفا بەرزنجی | مامۆستا |
| ٣٨ ـ بەرێز سابیری مسگەر (سابیرە کەچەڵ) | مسگەر |
| ٣٩ ـ بەرێز حەمەی حاجیفەرەج ئەفەندی | خاوەن گەراج |
| ٤٠ ـ بەرێز جەمیلی سەعی بەگ (بابان) | کاسب |
| ٤١ ـ بەرێز رەزابەگی حەمەد بەگ | کاسب |
| ٤٢ ـ بەرێز حەمەد بەگی هەورامی | کلاّش فرۆش |
| ٤٣ ـ بەرێز نامیق ئاغای مستەفاغا | مەللاك |

| | |
|---|---|
| ١٩ ـ ماڵی بەڕێز عەبدولفەتاح چەلەبی باوکی غالباغا | دەرگەزین، مەللاك |
| ٢٠ ـ ماڵی بەڕێز یەکتایەگ | گەڕەکی سابون کەران، مەللاك |
| ٢١ ـ ماڵی بەڕێز حاجی ئەمینی کاکەحەمە مامی فایەق بێکەس | گەڕەکی گۆیژە، تاجر |
| ٢٢ ـ ماڵی بەڕێز حەمە ساڵح بەگ مامی ئەحمەد بەگی موتەسەریف | گەڕەکی کانێسکان، نائیب |
| ٢٣ ـ ماڵی بەڕێز حەپسەخانی نەقیب لە ماڵی شێخ مارف نەقیب ی باوکیا | گەڕەکی کانێسکان، خاوەن ملك |
| ٢٤ ـ ماڵی بەڕێز ئامەخانی نەقیب | سەرشەقام، خاوەن ملك |
| ٢٥ ـ ماڵی بەڕێز کەریمی ئەلەکە | گەڕەکی گوێژە، گاوران، بازرگان |
| ٢٦ ـ ماڵی بەڕێز حەسەناغای تفەنگچی باشی | سابون کەران، بازرگان |
| ٢٧ ـ ماڵی بەڕێز عەبدول ڕەحمان ئەحمەدپاشا | گەڕەکی گوێژە ، مەللاك |
| ٢٨ ـ ماڵی بەڕێز ئەحمەدرەشی حاجی ئەولا | گەڕەکی دەرگەزێن، مەلاك و تاجیر |
| ٢٩ ـ ماڵی بەڕێزان عەبدوڵلاغاو توفیق ئاغای حەسەن ئاغا | گەڕەکی پیرمەنسور، خاوەن کەمەن بوون |
| ٣٠ ـ ماڵی بەڕێز حەمەدبەگ باوکی نووری‌بەگ | گەڕەکی کانێسکان، مەللاك |
| ٣١ ـ ماڵی بەڕێز یەحیابەگ باوکی تایەربەگ | گەڕەکی کانێسکان، مەللاك |
| ٣٢ ـ ماڵی بەڕێز تایەری حەمەدەفەنی کەریماغا | گەڕەکی کانێسکان، مەللاك |
| ٣٣ ـ ماڵی بەڕێز توفیق قەزاز | گەڕەکی مەڵکەنی، بازرگان و مەللاك |
| ٣٤ ـ ماڵی بەڕێز میرزا فەرەجی حاجی شەریف | گەڕەکی مەڵکەنی بازرگان و تاجر |
| ٣٥ ـ ماڵی بەڕێز ئەحمەدی حاجی کەریم خەزووری بەڕێز ماجد مستەفا | گوێژە سەرچیمەن، بازرگان و تاجر |
| ٣٦ ـ ماڵی بەڕێز عەبدوڵلاغای حاجی حەمەسەعی | گەڕەکی سەرشەقام، بازرگان و تاجر |
| ٣٧ ـ ماڵی بەڕێز شێخ عەزیزی خەلیفە | گەڕەکی سەرچاوەی کانێسکان، مەللاك |
| ٣٨ ـ ماڵی بەڕێز حاجی فەرەجی حاجی حامید | گەڕەکی دەرگەزێن، بازرگان و تاجر |
| ٣٩ ـ ماڵی بەڕێز حاجی سەی‌مستەفا | گەڕەکی گوێژە قەزازەکان، بازرگان و تاجر |
| ٤٠ ـ ماڵی بەڕێز حاجی ئەحمەدی پیرۆز | گەڕەکی دەرگەزێن، بازرگان و تاجر |
| ٤١ ـ ماڵی بەڕێز میریی مووشێ | گەڕەکی جولەکان، ئەندامی بەلەدیە، مەللاك و چیوار |
| ٤٢ ـ ماڵی بەڕێز عەزەی حەکیم برایم | گەڕەکی جولەکان، حەکیم |

## «هەندێ لە شایەرەکان»

| | |
|---|---|
| ١ ـ هونەرمەند بەڕێز کەریم شایەر | ئاسنگەر بوو |
| ٢ ـ هونەرمەند بەڕێز غەفوور (گەڕگەڕ) | حەماڵ بوو، پشتی خەڵکیشی ئەشێلاو ناوکیشی ئەگرتەوە |
| ٣ ـ هونەرمەند بەڕێز ڕەحیم (ڕەحیم گەڕگەڕ) | کاسب بوو |

ئەم سێ شایەرە زۆر بەناوبانگ بوون لە شایەری‌یا، لە شایی‌و ئاهەنگا بەشداری‌یان ئەکرد، بەتایبەتی لە شاییدا بە دووقۆڵی‌و سێ‌قۆڵی گۆرانیان ئەوت و شاییەکەیان گەرم ئەکردو شاباشی خەڵکیان ئەکرد.

هەروەها دوو دەستە هەبوون بۆ شایی بانگ ئەکران و ئەمانەش بە دەهۆڵ و زوڕناو پۆست و ئیدارە شایی‌یەکەیان گەرم ئەکردو ئەبرد بەڕێوە:

دەستەی یەکەم:

| | |
|---|---|
| ١ ـ هونەرمەندی بەڕێز حەمەڕەحیم (میرزا محەمەد) | دەهۆڵ و زوڕنای لێئەدا |
| ٢ ـ هونەرمەندی بەڕێز عەبەی سەیزادە | گۆرانی ئەوت و دەهۆڵ و دومبەڵەکی لێئەدا |
| ٣ ـ هونەرمەندی بەڕێز حەسەنی زوڕنا | زوڕناو باڵەبانی لێئەدا |
| ٤ ـ هونەرمەندی بەڕێز وەلی عەبەی سەیزادە | گۆرانی ئەوت و دەهۆڵ و دومبەڵەکی لێئەدا. |

دەستەی دووەم:

| | |
|---|---|
| ١ ـ هونەرمەندی بەڕێز میرزا مەجی | دەهۆڵی لێئەدا |
| ٢ ـ هونەرمەندی بەڕێز ڕەحیم لچ کەل | زوڕنای لێئەدا |
| ٣ ـ هونەرمەندی بەڕێز عەلی موراد | دەهۆڵی لێئەدا |
| ٤ ـ هونەرمەندی بەڕێز ڕەمەزان | دەهۆڵی لێئەدا |

سەرچاوەی ئەم بەشە لە هونەرمەند کەریم شایەر وەرمان گرت.

ئنجا مەلا حەمدون دیوەخان بەجێدەهێڵێت و دەڕات، پاشان کە میصباح الدیوان «ئەدەب» دەزانێ مەلاحەمدون ڕۆیشتووە پەشیمان دەبێتەوە، بەڵام مەلا حەمدون ناگەڕێتەوە هەرچەند پیاوەکانی بەسواری دەچن بەشوێنیدا دەڵێ هەموو ئێرانم لەسەر تاپۆ بکەن ناگەڕێمەوە.

٨ ـ جارێك مەلا حەمدون لە لادێ بزنێکی دەست ئەکەوێ، ئەو ماڵەی تیایدا ئەبێ حەوشی نابێ، شەوێ خۆیو خاوەن ماڵەکە لەسەر بان ئەنوون بزنەکە لە خوارەوە ئەبەستێتەوە بە گوریسێکەوە، سەری گوریسەکە لە سەربان ئەبەستێ بە دەستی خۆیەوە نیوەشەو گورگێك دێتە سەر بزنەکە، کوێرە خەبەری ئەبێتەوە بە جوڵانەوەی گوریسەکە، عاستی گورگەکە ئەدۆزێتەوە لەتەنیشت خۆیەوە دەست ئەداتە تفەنگ، تفەنگێ ئەنێت بە گورگەکەوە ئەیکوژێ ئنجا خاوەن ماڵ خەبەریان ئەبێتەوە.

٩ ـ لە سلێمانی «عەجەم ئۆغلێ» ناوێك لەگەڵ شەش هاوڕێیتری کوژران، ئێرانی بوون، لە دوکانێکدا نزیك ئەصحابەسپی، ئەم خوێنەیان هێنا بەسەر مەلا مەحمودو مەلا ڕەشیدی کوڕانی حاجی مەلا ئەوڕەحمانی دەرمان کوت دا، کە برازای مەلا حەمدون بوون، هەردووکیان ڕائەکەن ئەچن بۆ دێی «دووڕووە» لە ئێران، لەپاش چەند ساڵێك مەلا ڕەشیدیان ئەیەوێت بەدزییەوە سەرێکی سلێمانی بداتەوەبۆ بینینی دایکیو باوکیو کەسوکاری لە ڕێگا لە نیوەشەوێکا خۆی ئەکا بە دێی «وکان»دا ئەچێتە ماڵی عبدالقادری مەهدی کە موختاری ئەو دێیەیە و ناسیاوی خۆیانن وە بێچرپە دەست ئەنێت بە دەرگای دیوەخانەکەوە، کە ئەچێتە ژوورەوە تەماشا ئەکات دوو کەس لەژێر لێفەدا نوستون لە چونە ژورەوەکەی ئەم کوێرە وشیارە خەبەری ئەبێتەوەو سەری لێفەکەی لائەدا ئەڵێ ڕەشید ئەوە کەی هاتیت؟! ئەمیش لەبەرئەوەی کە بە قاچاغی هاتووە قسە ناکات، ئەمجا تێیئەخوڕێ ئەڵێ ڕەشید ئەوە بۆ قسە ناکەیت؟ ئەمیش ئەڵێت بەخوا مامە ئێستا گەیشتومەجێ، مەلا ڕەشید هەتا مرد هەر ئەی وت ئێستاش نازانم ئەو چۆنی ناسیمەوە، بەو نیوەشەوەو بەدەم خەوەوە، چۆنی زانی لە ئێرانەوە گەیشتومەتە ئەوێ.

## «سپیاو دەم وچاو هەڵگرتن»

چەند ژنێك هەبوون كە دەم وچاوی ژنانیان هەڵئەگرت لە گەڕەكەكانا، هەر ژنێك دەم و چاوی هەڵبگرتایە ئەینارد بەشوێنیا ئەویش ئەهاتە,ماڵەوە لەپێشا دەم و چاوی بە سپیاو سپیئـەكرد تا ساف ئەبوو، ئینجا بە كشتەكێ دەستی ئەكرد بە هەڵ كێشانی مووی دەم وچاوی ئافرەتەكە، سپیاو لە قەڵایی دروست ئەكرا بەم شێوەیە:
دیزەی ڕۆن كە ئەشكا پارچەكانی پێیان ئەووت سواڵەت، قەڵایییەكە ئەكرایە ناو پارچەیەك سواڵەت و ئەخرایە سەر ئاگرو داری ئەخرایە ژێر وە زوو زوو تێك ئەدرا بە پارچەیە ك ئاسن كە دەمەكەی پان بوو وەك كەوگیر وابوو شەوو ڕۆژێك زیاتر گەرم ئەكراو تێك ئەدرا تا ڕەنگی سپی ئەبوو، وەك گەچی لێ ئەهات دوایی ئەیان بێژایەوە تا ئەبوو بە تۆز ئەوسا پێیان ئەووت سپیاو ئینجا ژنان ئەم سپیاوەو سووراوە كە لە بازار لای عەتارەكان ئەیان كری خۆیان پێ ئەڕازاندەوە بۆ شاییو سەیران و گەڕان.
تێ بینی: سوراوو سپیاو تەنها ژن بەكاری هێناوە عادەت نەبووە كە كچیش بەكاری بهێنێ هەتا شووی نەكردبێ.

## «لاوانەوە لە تەعزێدا»

شیوەن: ئافرەتێك بە ئاوازەوە لە شێوەی هۆنراوەدا بەسۆزەوە مردووەكە ئەلاوێنێتەوەو پرسەكەران ئەگرین وە لە خۆیان ئەدەن وە بۆی ئەسێننەوە، بەتایبەتی بۆ گەنجەكان كە پێیان ئەوتن **جوانەمەرگ**

●●●

ناوی مامانـەكـان و حەكیمەكان و ئافرەتە سۆعبەت چیەكان و ئەو ئافرەتانەی لە قوڕەسوور شتیان دروست كردووەو ئەو ئافرەتانەی دەم وچاویان هەڵگرتووەو سپیاویان دروست كردووە لە گەڕەكەكاندا، هەروەها ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیان لاوانەوە:
«گەڕەكی مەڵكەندی»
أ ـ مامانەكان:
١ ـ عاسەی سەكینە٢ ـ ڕەحمەی دایە عەمەر

٣ ـ فاتەی ئەلە

٤ ـ گوڵچینی فاتەی ئەلە

٥ ـ حەولای فاتەی قاوەچی

٦ ـ گوڵچینی عەدە

٧ ـ ئایشێی خلە

٨ ـ حەبێی خدر

٩ ـ باجی حەبیب ژنی محەی هەمزاغا

١٠ ـ خا لەیلێ

١١ ـ خورشە چاوشین

١٢ ـ ئامەی خاتوون

١٣ ـ باجی ڕەحمە خوشکی کەریمی مەجرووم

١٤ ـ باجی خونچە ژنی ڕەشەی سورکە

١٥ ـ ئامەی مەلا ژن

١٦ ـ ڕەحمەی پەڕۆ

١٧ ـ خونچەی تەنوور

١٨ ـ ئامە تیتان

١٩ ـ ئامە درێژ

٢٠ ـ حەبێی ڕێحان

ب ـ حەکیم (پزیشکی میللی):

١ ـ عاسەی سەکینە

٢ ـ نەنە خونچە دایکی حاجی بارام

٣ ـ خاتوو ئامینە ژنی شێخ محەمەدی کاکە لاو

٤ ـ خانمی ژنی عەزیز ئاغا شەلە

٥ ـ حەلاوی مینە حەکیم

٦ ـ خورشەی حەمە [illegible]شێر

٧ ـ ڕەحمەی دایە عەمەر

٨ ـ ڕەحمەی پەڕۆ

٩ ـ خەجێی گوڵە
١٠ ـ ئامە درێژ
١١ ـ گوڵچینی عەدە
١٢ ـ باجی حەبیب ژنی محەی هەمزاغا

جـ ـ سۆعبەت چی یەکان (قسە خۆش):

١ ـ عاسمە خانی حاجی حەسەن ئەفەندی
٢ ـ فاتمە خانی ژنی مەلا عەلی مەڵکەندی
٣ ـ ئەختەر خانی ژنی شێخ مەجید
٤ ـ حەمدی خانی ژنی شێخ عارف
٥ ـ فاتمەخانی ئەمین ئاغا
٦ ـ ڕەعنای ئەمین ئاغا
٧ ـ خورشید خانی حاجی قادری ئاسنگەر
٨ ـ عاسۆلەی مەلا قادر
٩ ـ فاتمە خانی ژنی ئوسواغا
١٠ ـ زبێدە خانی ژنی ئەحلان چاوشین
١١ ـ ئینجی خانی ژنی سەعید چاوەشی تەلخانە
١٢ ـ حەبێی شاناز
١٣ ـ ئامەی حەلیمێ
١٤ ـ حەبێی ڕێحان
١٥ ـ دادە حەمەی پوورە عاسە
١٦ ـ بەهێی ژنی خاڵە هەباس
١٧ ـ باجی فەیم ژنی مینە ترێ
١٨ ـ ئامەی گوڵناز
١٩ ـ باجی ڕەحمەی ژنی مامەلی (کوورە)
٢٠ ـ حەبە خانی ژنی تۆفیقی حەمە خێل
٢١ ـ ئایشێ خانی حاجی ساڵح ئاغا
٢٢ شەمسە خانی ژنی حاجی بارام

٢٣ ـ عاسمە خانی ژنی مەحموودی حاجی کەریم
٢٤ ـ ڕەحمە خانی ژنی ساڵحی مەحموود
٢٥ ـ ئەختەری عەونی ئەفەندی
٢٦ ـ عیسمەت خانی ژنی تۆفیق قەزاز
٢٧ ـ ڕەحمەی دایە عەمەر
٢٨ ـ مریەم خانی ژنی محەی سالە سوور
٢٩ ـ بەهێ خانی عارفە ئەفەندی
٣٠ خـ ـی ژنی عەزیز قەزاز
٣١ ـ عەدلە خانی حەمە خدران
٣٢ ـ ڕەعنای دایکی خولە بووز

د ـ ئەو ئافرەتانەی شتیان لە قوڕە سوور درووست کردووە:

١ ـ مینای کەنعان
٢ ـ ئامەی کەنعان، خوشك بوونە لە پیرمەسوور
٣ ـ زبەی چەقۆ گەر
٤ ـ ئامەی چەقۆ گەر، خوشك بوون لە پیرمەسوور
٥ ـ پۆزی درێژ، پیرمەسوور
٦ ـ ئایشێی خلە، حاجی حان

هـ ـ ئەو ئافرەتانەی دەم و چاویان هەڵگرتووەو سپیاویان درووست ئەکرد:

١ ـ گوڵچینی ڕابی سپیاوی درووست کردوە
٢ ـ ئامەی مەلاژن سپیاوی درووست کردوە و دەم و چاو هەڵگر
٣ ـ ئایشێی خوشکی دەروێش قادر، دەم و چاو هەڵگر
٤ ـ ڕێحان چل گسەز، دەم و چاو هەڵگر
٥ ـ پەری زادەی ژنی مام کەریم، دەم و چاو هەڵگر
٦ ـ پەری زادەی ژنی وەستا ڕەسوڵ، دەم و چاو هەڵگر
٧ ـ ئامینەی مەلا، دەم و چاو هەڵگر
٨ ـ خونچەی ژنی فەتاح گەنکاوایی، دەم و چاو هەڵگر
٩ ـ ڕەعنای دایکی خولە بووز، دەم و چاو هەڵگر

١٠ ـ ڕەعنای شێخ ئەحمەد، دەم و چاو هەڵگرد

و ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەغرێدا ئەیان لاوانەوە:

١ ـ عاسمەی ئە  چەخان

٢ ـ حەبێ ی کەریمی مەجرووم

٣ ـ حەلاوی مام ئەوڵا

٤ ـ خانمی مەلا سابیر

●●●

## «گەڕەکی گۆیژە»

أ ـ مامانەکان:

١ ـ عاسە بیجەڕێنە

٢ ـ ئایشێ ی گوڵە

٣ ـ ڕەحمەی ڕەنێ

٤ ـ ڕەحمەی پەڕۆ

٥ ـ حەلاوی مارفە سوور

٦ ـ باجی خانزاد

٧ ـ حەپسە خانی ژنی حاجی کەریمی شومقار

٨ ـ حەبێ ی سەعەی خەجە خانی

٩ ـ خورشی خانی کوڵە سپی

١٠ ـ حەلاوە ڕەش

١١ ـ فاتە سوور

١٢ ـ نەنە خەجێ

١٣ ـ عاسمەی ئەلەقەساب

١٤ ـ ڕەحە جەندرمە

ب ـ حەکیم (پزیشکی میللی):

١ ـ عاسە بیجەڕێنە

٢ ـ باجی خانزاد

٣ ـ ئاتە خان خوشکی عەبە زیرەك
٤ ـ حەلاوە خانی حسەین ئاغا
٥ ـ باجی زوهرە
٦ ـ خا لەیلێ دایکی حاجی تۆفیقی لەیلێ
٧ ـ حەلاوی مارفە سوور
٨ ـ حەپسەخانی ژنی حاجی تۆفیقی لەیلێ
٩ ـ خا ڕەعنای ژنی مامە لفتە
١٠ ـ خورشی خانی کوڵەسپی
١١ ـ فاتمە خانی ژنی عارفی شانەگەڕ
١٢ ـ حەلاوە خانی خوشکی کاکی‌ی مەحموود ئاغا
١٣ ـ ئاسکۆڵی قەندیلە
١٤ ـ بدریە خانی ژنی سۆفی کەریمی سەڕاج

ج ـ سوعبەت چی‌یەکان «قسەخۆش» :ـ

١ ـ ئافتاو خانی قەفتان
٢ ـ حەولای مەلا سمایيل
٣ ـ باجی حەنیف خەسوی خاڵە ڕەجەب
٤ ـ ئامەی شەریف «دایە ئامە»
٥ ـ حەلاوی مارفە سوور
٦ ـ حەبێ‌ی چەرخ و فەلەق
٧ ـ حەبەلە خانی ژنی حاجی ئەوڕەحمان مەحموودی باپیر
٨ ـ ڕەحمەی خاڵەلە
٩ ـ شەمسە خانی ژنی عارفی خومەیس
١٠ ـ عاسەی مەلا ئەحمەدی نانەوا
١١ ـ لەعلەخانی ئەحەی ڕەسووڵ
١٢ ـ پورە ئەجێ «ناتری حەمامی موفتی»
١٣ ـ دایە فاتە ژنی ئەحەی مەلا
١٤ ـ بەهۆلە خانی کچی حاجی کەریمی شمقاڕ

١٥ ـ هەیبەتی ئەوڕەحمان چاومار

١٦ ـ حەمدی چاوەش

١٧ ـ ئامە تیکە

١٨ ـ دایە عەزاو

١٩ ـ ڕەحمە خانی دایکی خەسرەو ئاغا

٢٠ ـ گوڵچین خانی دایکی عەزیز ئاغا

د ـ ئەو ئافرەتانەی شتیان لە قوڕەسوور دروست کردووە :-

لەم گەڕەکەدا هیچ ئافرەتێك نەبووە کە لەقوڕەسوور شت دروست بکات.

هـ ـ ئەو ئافرەتانەی دەم چاویان هەڵگرتووەو سپیاویان دروست ئەکرد:

١ ـ ئامەی بەکر ـ دەم وچاو هەڵگر

٢ ـ فاتەی مەجی ـ دەم وچاو هەڵگر

٣ ـ خاتو حەلاو ـ دەم وچاو هەڵگر

٤ ـ قەمەر ناز ـ دەم وچاو هەڵگر

٥ ـ سوەیبە ـ دەم وچاو هەڵگر

٦ ـ خورشەخانی ژنی حاجی ساڵح ـ دەم وچاو هەڵگر

٧ ـ ئەجێی شێخەلی ـ دەم وچاو هەڵگر

٨ ـ حەلاوی مارفەسوور ـ سپیاوی دروست ئەکرد

٩ ـ فاتەخانی مارفە سوور ـ سپیاوی دروست ئەکرد

١٠ ـ ئامە لاڵ ـ سپیاوی دروست ئەکرد

١١ ـ هەیبەت خان ـ سپیاوی دروست ئەکرد

و ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیان لاوانەوە :-

١ ـ ئامینی حەلاوی مارفە سوور

٢ ـ حەبێی حەلاوی مارفە سوور

٣ ـ شەمسەی ژنی ڕەحیمی چایچی

٤ ـ سەبری حاجی کەریمی شمقاڕ

٥ ـ خەجێی مەلامین

٦ ـ شەمسەی کەریمی دەلاك

«کەرەکی دەرگەزێن»

أ ـ مامانەکان :

١ ـ سەلمەی شاڵی
٢ ـ حەلاوی حەمە مراد
٣ ـ ئایشێی وەستا نادر
٤ ـ باجی عەدلە
٥ ـ خورشەی ڕەشید ئاغای هەمەوەند
٦ ـ باجی گوڵناز
٧ ـ مریەم ئەولاّ بانەیی
٨ ـ زەینەبی عەبەی ڕێحان
٩ ـ حەبێی قالەی خاتر
١٠ ـ ڕەحە جۆلانێ
١١ ـ فاتەی خولە درێژ
١٢ ـ خەجێی مەلامین
١٣ ـ پیرۆزی حەسەن مورتکەیی
١٤ ـ زەریفی دەروێش مەحموود
١٥ ـ ڕەحمەی عەباس
١٦ ـ زەینەبی حەمە پاخاڵ
١٧ ـ حەبێ خێلە
١٨ ـ حەبێی دەوڵەت
**١٩ ـ باجی وەنەوش**

«ب» ـ حەکیم «پزیشکی میللی»

١ ـ فاتمەی حەمە دیلان
٢ ـ ئامینەخانی ژنی مەلامینی ئەحمەد بەقاڵ
٣ ـ حەلاوی حەمەمراد
٤ ـ خورشەی ڕەشید ئاغای ،**هەمەوەند**
٥ ـ فاتمەخانی میرزا مەولان
٦ ـ حەبەخانی دایکی حسە ڕەشی خەیات

«ح» ـ سوعبەت چی یەکان «قسەخۆش» : ـ

١ ـ سەلەی قالە گورگین

٢ ـ ئامینە خانی فەقێ مەحموود ـ دایکی عەلی کەمال

٣ ـ گوڵەخانی دایکی عەتای کاکە حەمە

٤ ـ فاتمەی حەمە دیلان

٥ ـ خانمی مامەلی

٦ ـ فاتمەی شازێ

٧ـ حەپسە خانی ژنی تۆفیق ئەفەندیی ئاغا فەتحوڵڵا

٨ ـ فاتمەی سەعەی حەمە خاڵە

٩ ـ حەلاوە خانی ژنی حاجی ساڵحی قاسم

١٠ ـ ئامەی شێخ مەحموودی باراوی

١١ ـ لەعلە خانی ئەحمەد چاوەش

١٢ ـ [illegible] خانی ژنی حاجی [illegible] پڵاو خۆر

١٣ ـ ئامەخانی ژنی حاجی مەجیدی دەلاك

١٤ ـ نەجیبە خانی ژنی ئەحمەدی حاجی ڕەسووڵ

١٥ ـ بەهێ خانی حاجی حەمە ئاغا

١٦ ـ عەتێ خانی ژنی نەشئەتەفەنی

١٧ ـ خورشید خانی ژنی حاجی مەلا ئەمین

١٨ ـ حەپسە خانی حاجی ڕەشیدی حاجی سەعیدی قاراغا

١٩ ـ گوڵچین خانی ژنی حاجی سەعیدی شالی

٢٠ ـ گوڵچین خانی دایکی حاجی ئەحمەدی کەریم ئاغا

٢١ ـ حەبەخانی دایکی حسە ڕەشی خەیات

٢٢ ـ ڕابەی حەمە لاڵ

٢٣ ـ نەعەی حەمە لاڵ خۆشك بوون

د ـ ئەو ئافرەتانەی شتیان لە قوڕە سوور دروست ئەکرد:

١ ـ فاتمە خانی عەمەر خان

٢ ـ فاتمەی حەمە دیلان

٣ ـ ئاغا ژنە کوێرە

٤ ـ فەیمەی مامەوڕەحمان

٥ ـ عاسمی ڕەشەی گەوهەر

٦ ـ ئایشێی غەفوور

٧ ـ بەهێی کەریمی سلێمان

٨ ـ رێحانی ئەحمەدی شوان

هـ ـ ئەو ئافرەتانەی دەم وچاویان هەڵگرتووەو سپیاویان دروست ئەکرد :

١ ـ عەیلەی ناتر ـ دەم وچاو هەڵگر

٢ ـ جەمیلەی ناتر ـ دەم وچاو هەڵگر

٣ ـ شەمسەی حەلاوی ئامەی لەلە ـ دەم چاوی هەڵگرتووەو سپیاوی دروست کردووە .

٤ ـ ئامە دەم خوار

٥ ـ مریەمی حەسەنەلی «١» ـ دەم وچاو هەڵگر

و ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیانوانەوە :

١ ـ رابەی حەمە لاڵ

٢ ـ نەعەی حەمە لاڵ

٣ ـ ئامەی سەفە

. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .

«١» ئەم ئافرەتە زۆر ئازاو مەردو ئیشکەرو قسەخۆش بوو لە بەر باری بێکەسیو نەبوونیدا بەمەردیو گەلێك کاری وەك کلاو فرۆشتن و شتیتری ئەکردو تاقە کورەکەیو خۆیی ئەژیاند، ئازایانەو بە سەربەرزی ئەچووە ناو پیاوانەوە .

«ع . م»

## «گەڕەکی سەرشەقام و چوارباخ»

أ ـ مامانەکان:

١ ـ ڕەحمە خانی ژنی برایم دەروێش

٢ ـ ڕەحمەی ئەمینی کورتەك

٣ ـ دایە حەبە

٤ ـ عەیلەخان

٥ ـ پیرۆز خان

٦ ـ باجی ڕێحان

٧ ـ خا فاتمی حاجی مەنیج

٨ ـ باجی تەمین

٩ ـ پورە حەلاو

١٠ ـ دایە ڕەحمە

١١ ـ لەعلە خان

١٢ ـ حەبێ‌ی عەباس

١٣ ـ بەهێ خانی کاك جەلال

١٤ ـ زبەی مامان

١٥ ـ پیرۆزی شەربەت چی

١٦ ـ عەتێ‌ی خورشە

١٧ ـ دایە نەعە

١٨ ـ گوڵ جەمین

١٩ ـ نەنە زەعفەران

ب ـ حەکیم «پزیشکی میللی»:

١ ـ ڕەحمە خانی ژنی برایم دەروێش

٢ ـ سەلمە مێشوولە

٣ ـ باجی فەووم خوشکی عەلی شاملی

٤ ـ عاسەی کەڵەنتەر
٥ ـ ئایشێ سەرچیلکە
٦ ـ پوورە حەلاو
٧ ـ ئەجێی حاجی مستەفای مام ڕەگ
٨ ـ حەبێ شەلی ئەستێر
٩ ـ **خانم** خاس
١٠ **خورشی** خانی قالەی مەنێ

ح ـ سوعبەت چی‌یەکان «قسە خۆش»:

١ ـ باجی عەواشی سەروپێ
٢ ـ حەپسە خانی دایکی ملا گوروون
٣ ـ ئامە خانی نەزهەت ئەفەندی
٤ ـ حاجی فەووم
٥ ـ ڕێحانی ژنی خەلیفە عەبدولکەریم
٦ ـ ڕەعنای خدر
٧ ـ حەلاوی خاتونی فەتحوڵڵا سنەیی
٨ ـ ئامەی خولە سنەیی
٩ ـ ئامە خانی عەبە تەشیلە
١٠ ـ ئاتەخانی قالەی داود ژنی ڕەفیق چالاك
١١ ـ عاسەی وشکە وەرد
١٢ ـ دایە ئامەی ژنی حەمەومینی ئایشەخان
١٣ ـ بەهێی عەبۆش
١٤ ـ لەعلەی حەسەن
١٥ ـ حەنیفە خانی حاجی ڕەشیدی ڕێوی
١٦ ـ حەبە خانی مارف ئاغا
١٧ ـ ئامە خانی وەستا عەباس
١٨ ـ فاتمە خانی حاجی فەرەجی ئاسنگەر
١٩ ـ گوڵ جەمین

٢٠ ـ ئامەی ڕەشان

٢١ ـ ڕەحمەی ئەمین کورتەك
٢٢ ـ حەلاوە خانی ژنی عەبەی حاجی قەساب
٢٣ ـ ئایشێی ساڵحی خلە
٢٤ ـ سەلمەی مێشوولە
٢٥ ـ لەعلە خانی ژنی حاجی محەمەد
٢٦ ـ عاسمەخانی ژنی عەبە خورشەی خانچی
٢٧ ـ ئامە کوڕانی
٢٨ ـ مینا خانی دایکی سدیق عەبدوڵڵای پارێزەر

د ـ ئەو ئافرەتانەی شتیان لە قوڕە سوور دروست کردووە :ـ

١ ـ شەمسەخانی فەقێ فەرەج
٢ ـ فاتمە خانی حاجی فەتحوڵڵا

هـ ـ ئەو ئافرەتانەی دەم وچاویان هەڵگرتووەو سپیاویان دروست ئەگرد :ـ

١ ـ خورشە شەل ـ دەم و چاوی هەڵگرتووە
٢ ـ باجی خونچە
٣ ـ خەجێی حەمەی ئاشەوان
٤ ـ ئامەی قوربانی

و ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیان لاوانەوە :ـ

١ ـ ڕەعنای چنگ شین
٢ ـ حەلاوی ژنی قالەی داود
٣ ـ ئامەی ڕەشان
٤ ـ شەمەی ئەمین باڕۆیی

## «گەڕەکی کانیئاسکان»

أ ـ مامانەکان :ـ

١ ـ فاتمەی گلە دایکی ڕەفیقی گلە
٢ ـ شێخ ژن
٣ ـ گوڵەی عەزیز ئاغا
٤ ـ خا فاتمە
٥ ـ باجی ئامینەی دەروێش عەزیز
٦ ـ خاتوونی فەتحوڵڵا سنەیی
٧ ـ باجی حەپسە
٨ ـ پیرۆزخان
٩ ـ باجی کچیل
١٠ ـ خەجێ زلە
١١ ـ ئامینەی وەستا حسەینی دەلاك
١٢ ـ گوڵچینی سالەی ڕەنگان
١٣ ـ عاسەی مەلا ڕەزا

١٤ ـ باجی فاتم کونجرینی
١٥ ـ پور حەلیمی

ب ـ حەکیم «پزیشکی میللی» :ـ

١ ـ ئایشێ خان ژنی حاجی حەسەن دایکی مەلا سمایل
٢ ـ فاتمەی گلە
٣ ـ گوڵچینی قالەی ئاغاڵ دایکی سەعەشەل
٤ ـ پوورە حەپسە ژنی مام عەلی
٥ ـ حەلاوی ژنی عومەری بەکری میسری
٦ ـ گوڵچینی ئەحە تەنکە

٧ ـ باجی ناسکەی ژنی عارفی پینەچی
٨ ـ عەتی ی حاجی سەعەڕەس
٩ ـ ئامەی عەلی کەبابچی
١٠ ـ باجی لەیلێ دایکی حەمەی شیرگەر

ح ـ سوعبەت چی‌یەکان «قسەخۆش» :ـ

١ ـ ڕەحە کانێسکانی
٢ ـ عاسە تاس بەسەر، خوشکی ڕەحە کانێسکانی
٣ ـ ئامەی بەرغەش
٤ ـ ئامەی دایەنەکە
٥ ـ ڕەعنای گوروون دایکی عومەری نەعمان
٦ ـ ئامەی ژنی مەجیدی حاجی ڕەسووڵ
٧ ـ حەبێ ی جەمەلە
٨ ـ خەجێ خانی ژنی حاجی محەمەدی خێلە
٩ ـ ئامەی شاسوار
١٠ ـ فاتمەخانی ژنی وەستا فەرەجی دەلاك
١١ ـ گوڵچینی ئەحە تەنکە
١٢ ـ خەجی ی خلەتاشەوان
١٣ ـ خورشەی بەکر ماوزەر
١٤ ـ بەهێ زلەی ژنی حەمە نەخۆش
١٥ ـ باجی ئامان
١٦ ـ مینای خەنان دایکی مەلا ڕەئوف
١٧ ـ باجی شەمسەی دایکی ڕەئوف یەحیا
١٨ ـ گوڵەی عەبەدەلاك
١٩ ـ فاتۆڵەی دەروێش فەرەج
٢٠ ـ باجی عاسمی خوشکی تۆفیقی گاکوژ
٢١ ـ باجی سەلمەی ژنی مام جەلیل

د ـ ئەو ئافرەتانەی شتیان لە قورەسوور دروست کردووە :ـ

١ ـ ڕەحەکانێسکانی

٢ ـ ئەجێی ژنی حەمەی دەباغچی

٣ ـ باجی ڕەحمەی تەنوورکەر

٤ ـ حەمدیی هۆمەر

٥ ـ هندیی هۆمەر

هـ ـ ئەو ئافرەتانەی دەم وچاویان هەڵئەگرت و سپیاویان دروست ئەکرد :

١ ـ خانمی ژنی مەلا عەلی ـ دەم وچاو هەڵگر

٢ ـ ڕەحمەی ژنی عەلی حەمەقیلە ـ دەم وچاو هەڵگر

٣ ـ باجی گوڵەی ژنی وەستامارفی بەنا ـ دەم وچاو هەڵگر

٤ـ **حەمدی خان** دەم وچاو هەڵگر

٥ ـ فاتەی دەم وچاوی هەڵگر ـ دەم وچاو هەڵگر

٦ ـ ئامەی نەجمەدین ـ دەم وچاو هەڵگر

و ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیان لاوانەوە :

١ ـ دەروێش خورشەی بەکر ماوزەر

٢ ـ ڕەحمەی مەلا فەرەج

٣ ـ حەلاوی شێخ عەول

❋ ❋ ❋

## «لە هەر گەڕەکەی شاژنێك»
## «گەڕەکی مەڵکەندی»
## «حەبەخانی قالە بازیانی»

حەبە خان پوری ئاغای قەرەنییەو ژنی یەکەمی حاجی ئەمین مەڵکەندی بوو کە براگەورەی حاجی بارامە.

ئەم ئافرەتە وەك کوڕێکی ئازاو چالاك لە شەڕی جیهانی یەکەم «سەفەربەر»داو لە ساڵی بۆردومانەکە لەبەر ئەوەی ناوشار کوڕی کەم تیا مابوو وە تورکەکان مێردەکەشیان بردبوو بۆ عەسکەری، ناوشار ئاسایشی تیا نەمابوو وە دزو پیاو خراپ پەیدا بووبو، ئەم ئافرەتە شەو ئێشکی مالّی خۆیو دراوسێکانی ئەگرت بەتفەنگەوە هەتا بەیانی بە ڕۆژ بەسواری ئەسپەوەو تفەنگ بەشانەوە سەرپەرشتی زەرعاتەکەیانی ئەکردو بەسەرەوە ئەگەڕا وە سوارچاکیش بوو، وە یارمەتی ژنانی گەڕەکی ئەداو ژنێکی ئاینیش بوو، لە ساڵی ١٩٣٤ زایینیدا لە تەمەنی دەوری چل وپێنج ساڵیدا بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کردووە.

ئەم ئافرەتە منالّیشی نەبووە.

## «گەڕەکی گوێژە»
## «ئامینەخانی سەی حەسەن»

خێری ھەژاران و دەست گیرویی داماوان تەرخان کردبوو وە هەموو کاتێك ئامۆژگاریی ئافرەتانی ئەکردو ڕێی چاکەی پیشان ئەدان و خاوەن سەرگورشتەو قسەی نەستەقیش بووە.

ئەم ئافرەتـە لەگـەڵ شێخ مەحموودی حەفید خالۆزاو پورزا بوون، لەبەرئەوەی ئافرەتێکی هەڵکەوتو بوو شێخ مەحموود هەرچەند بهاتایەوە ناو شار سەرێکی لێ ئەدا.

وه له خواپەرستی و ئاین پەروەریشدا وەك نەجمەدین مەلا لەسەری نوسیبوو بەبۆنەی کۆچی دوایی‌یەوە له ڕۆژنـامـەی ژین ژماره (١٤٣٢) پێنج شەممە ١٩٥٩/٢/٢٦دا ئەڵێت رابعـەی عەدەویەی کوردوستان لەم هەفتەیەدا له تەمەنی حەفتاساڵیدا کۆچی دوایی کرد خوا پایەی ئەو دنیای بڵندکا وه شوێنی بەهەشت بێ.

ئەم ئافرەته سێ کچ و دوو کوڕی لەپاش بەجێ‌ماوه.

## «گەرەکی دەرگەزێن»
## «ئامینەخانی حاجی شێخ ئەوڕحمانی قەراخی»

له بنەماڵەی مەردۆخەیی، ئامینه خان کچی شێخ ئەوڕەحمانی قەرەداخی باپیری زانا شێخ مارفی شێخ هۆمەره کوێری شێخ عەبدولەتیفی گەوره بووه. ئەم زانایه که هاته سلێمانی میری بابان مزگەوتێکی بۆ دروست کرد که بەناوبانگه بەمزگەوتی شێخ مارفی قەرەداخی وه به مودەریس لەوێ داینا ئەم مزگەوته وەختی خۆی خانەقا بووه شوێنی تەریقـەتی نەقشـەبەندی بووه، دوای مردنی شێخ مارف شێخ عەبدوڕەحمانی باوکی مزگـەوتەکەی بردووه بەڕێوه، دوایی وازی له دەرس ووتنەوه هێناوه به (تەسەوف)ەوه خۆی خەریك کردووه، ئامینه خانیش پێ‌وشوێنی باوکی گرتووه، ئافرەتێکی خوێندەوار بووه قورئان و گەلێ شتی ئایینی خوێندووه، له دوایی‌دا شووی کردووه به حاجی شێخ مستەفا که قازی ئەو سەردەمەی سلێمانی بووه.

دوای کۆچ کردنی باوکی و مێردەکـەی ماڵەکەی خۆی کردووه به تەکیه بۆ ژنان بۆ دەرس ووتنەوەو ژنان هەموو کاتێك لەدەوری کۆئەبونەوەو ئامۆژگاری و ڕێنمایی چاکەی ئەکردن وه هەموو سێ شەممەو جومعانێك خەتم و تەهلیلەی بۆ ئەکردن.

ئەم ئافـرەتـه هەمـوو کاتی خۆی له ڕێی ئاین و ڕێنمایی کردنی ئافرەتاندا تەرخان کردبـوو، دوای ماوەیەك هاتەوه ماڵی باوك که له پشت مزگەوتەکەوه بووه، وه هەر به هەمان ڕێبازدا ڕۆیشتووه تا دوا هەناسەی، وه زۆر یارمەتی هەژارو لێ قەوماوانی داوه بەتـایبـەتی ساڵی گرانی‌یەکـه، ئەم ئافرەته تاقانه بووه، وه منداڵیشی نەبووه، له ساڵی ١٩٣٨ز له تەمەنی دەوری ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووه.

*** 

## «گەرەکی سەرشەقام»
## «ئامینەخانی نەقیب»

لە بنەماڵەی سادات، ئامینە خان کچی سەید ئەحمەدی نەقیب و خوشکی سەید نوری نەقیبە، وە باپیرە گەوری شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە، ژنی شێخ ساڵحی قازی بووە کە برای شێخ ئەحمەد فائیزی بەرزنجی بووە ئەمانیش نەوی شێخ حەسەنی گڵەزەردەن واتە خزمی خۆی بووە.

ئەم ئافرەتە بێجگە لە خواپەرستی و ئاین پەروەری ژنێکی بەدەسەلات و ئازاو خاوەن دیوەخان و پیاو بووە لە سلێمانیدا ناوی دەرکردبوو، وە زۆر یارمەتی هەژارو لێقەوماوانی داوە بەتایبەت ساڵی گرانی یەکەوە لە شەری جیهانی یەکەم (سەفەربەر)داو ساڵی بۆردومانەکە لەبەرئەوەی ناوشار ئاسایشی تیا نەمابوو لەترسی دزو پیاوخراپ خۆیو پیاوەکانی شەوبە تەنگ ئیشکی کەرە کەکەیان ئەگرت وە جاروبار پیاو خراپی ئەگرت و بەندی ئەکردو سزای ئەدان، وە زۆر جار شێخ مەحموودی حەفید لەبەرئەوەی خزمایەتیان هەبووەو ژنێکی ئازا بوە سەری لێئەدا. ئەم ئافرەتە لە زەمانی چەپمەن ساڵی ١٩٢٥ز لەبەرئەوەی دژی ئینگلیزەکان ئەجولایەوە دوو ساڵ دووریان خستەوە بۆ دێی ئاڵیاوە بەردەمی دەربەندی گڵەزەردە. وەختێك شێخ مەحموود پاش بۆردومانەکە سلێمانی بەجێهێشت و چوو بۆ مەریوان ئەم ئافرەتە لەوکاتەی دوورخرابۆوەوە بۆئاڵیاوە لەوێوە لەگەڵ چوار چیاویو ئافرەتێك خۆی ئەگەیەنێتە مەریوان بۆ سەردان بۆلای شێخ مەحموود. ئەم ئافرەتە مناڵی نەبوە، شێخ رەئوفی سەید نوری ئەڵێ: پوورم لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا لە ساڵی ١٩٣٤ز کۆچی دوایی کردووە.

* * *

## «گەڕەکی کانیئاسکان»

# «حەپسەخانی نەقیب»

ئەی ئافرەتانی کوردستان پێویستە هەموو ساڵێك یادی حەپسەخانی نەقیب بکەنەوە.

لەبنەماڵەی شێخان، وەك چۆن لە پیاوا شێخ مارفی نۆدێو کاك ئەحمەدو شێخ مەحموودی قارەمانی تیا هەڵکەوتووە هەروەها لەئافرەتیشا حەپسەخانی نەقیبی هەبوە، کە نموونەی ئافرەتی دڵسۆزو کوردپەروەری کورد بوو.

حەپسە خانی نەقیب کچی شێخ مەعروفی حەفیدی کاك ئەحمەدی شێخە، لە شاریسلێمانیلەساڵی ١٨٨١ی زایینیدا لەدایکبووە. خوشکەزای شێخ عەلیی شێخ عارف وە شێخ قادر وە شێخ محەدی سەرکارە، وە ئامۆزای شێخ مەحموودی قارەمانی نەمرە وە خێزانی شێخ قادری حەفیدە، بۆیەپێی ئەڵێن حەپسە خانی نەقیب چونکە باوکی کە شێخ مەعروفە (نەقیب) بووە. ئەم (نەقیبی) یەش لەلایەن حکومەتی عوسمانییەوە پێی بەخشراوە بەوهۆیەوە کە نوێنەری (سادات ـ شێخان) بووە.

لە ١٥ی نیسانی ١٩٥٣دا بە نەخۆشی سەرەتان کۆچی دوایی کردووە. وە لە گردی سەیوان (گردۆڵکەی شێخ محەمەدە بچکۆلە) نێژراوە.

## (ڕەوشتی)

حەپسە خان یەکێك بوو لەئافرەتە هەرە بەناوبانگەکانی کوردو ،بە سەرگەورەی ئافـرەتـانـی شاری سلێمـانی دائـەنـرا ئافـرەتێکی دڵ نەرمی ڕەوشت بەرزی زمـان شیـرینی دەروون پاك بوو، دیـوەخـانەکەی هەمیشەجمەی ئەهات، پڕبوو لە ژنانی سلێمانیو دەرەوەی. هەر ئافرەتێك تووشی کێشەو تەنگ وچەڵەمەیەك ببوایە لەڕووی نەبـوونیو زۆرلێکـراوییـەوە پەنـای ئەبردە بەر حەپسەخان و ئەویش وەك دایکێکی دڵسۆز بەبێی توانای یارمەتی ئەدا.

حەپسـەخـان سەرکـردەی ڕاستـەقینـەی ئافـرەتـان بوو لەڕووی کۆمـەڵایەتی‌یەوە وە لەڕووی کوردپەروەری‌یەوە، دەستێکی ئەوتۆ باڵای هەبووە کە هەمیشە نەك ئافرەتان بەڵکـو تێکـڕا کورد پەروران شانـازی‌یـان پێـوە ئەکـرد، وە هەروەهـا لەڕووی مرۆڤـایـەتیشـەوە نمـونەیەکی نایاب بوو. لەدیوەخانی حەپسەخانا لەباتی باسکردنی جلوبـەرگی ئاڵـووالای ژنـان و باسی ئەم و ئەو کردن هەمیشـە باسی خوێندەواریو ڕەوشت پاکیو کوردپەروەری بوو، دیوەخانەکەی قوتابخانەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی کورد بوو.

## ((تێکۆشانی))

١ ـ لەساڵی ١٩٣٠ی زایینی‌دا حەپسەخان نامەیەکی دەربارەی مافی نەتەوایەتی‌ی کورد نووسی بۆ (عصبة الأمم).

٢ ـ هەوڵێکی بێ‌پایانی دا بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی ژنان کەبە ئێواران ژنانی کورد لەو قوبخـانـەیـەدا بخـوێنن بۆ فێـربـوونی نووسین وخـوێندنەوە، حەپسەخان خۆشی بوو بە قوتابی‌ی ئەو قوتابخانەیە کە یەکەم قوتابخانەی ژنان بوو لە مێژووی کورددا.

٣ ـ خانوویەکی خۆی‌بەخشی بە زانیاری کە بکرێ بە قوتابخانە وە ئەم خانووەی لەسەر زانیاری تاپۆ کرد.

٤ ـ کاتێ کە کۆماری کوردستان دامەزرا حەپسەخان بە هەموو جۆرێك بەهەموو توانایەکی‌یەوە کەوتە یارمەتی‌دانی ئەو کۆمارە پیرۆزەی کورد بەرامبەر بەمە پێشەوای نەمری کورد قازی محەمەد سوپاسنامەیەکی گەرم وگوڕی بۆ نارد.

## یارمەتی‌دانی هەژار

ئەم ئافرەتە دڵسۆزەی کورد بە هەموو جۆرێك یارمەتی هەژاران و لێ‌قەوماوانی ئەدا، ئەگەرچی بێ‌گومان هەژاری وەك دەردێکی کۆمەڵایەتی نە بەو چارئەکراو نە بە کەسی‌تر تا لەبنەڕەتەوە چارنەکرێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەخشینەی حەپسەخان بەڵگە بوو بۆ دڵ نەرمی ئەو دایکە دڵسۆزەو یارمەتی‌یەك بوو کە گەلێك لێ‌قەوماوی لە تەنگ و چەڵەمە ڕزگار ئەکرد.

## «چەند دێرێك»

ـ حەپسەخان تەنیا کوڕێکی بووە کە ناوی «شامل» بووە بەڵام ئەوکوڕەش لە تەمەنی یەك ساڵاناکۆچی‌دوایی‌کردوە لەم کوڕە زیاتر نە کچی بووەو نە کوڕ.

ـ کاتێ کە شێخ مەحموود لە دەربەندی بازیان لەلایەن لەشکری ئینگلیزەوە بەدیل گیرا حەپسەخان لەگەڵ زوربەی شێخانا چووبۆکوردستانی ئێران لەم هەڵاتنەدا حەپسەخان دەردی نەبوونی و برسێتی و ئەرکی ڕێگەی زۆر چەشت.

ـ دەستە دەستە لە پارچەکانی‌تری کوردستانەوە، وە لە ئەوروپاوە ژن و پیاو ئەهاتن بۆ سەردانی حەپسەخان، وە هەمیشە ماڵەکەی پڕبووە لەو میوانانەی کە لە دەرەوەی سلێمانی‌و کوردستانی عێراقەوە هاتوون، وە میوان داری‌یەکی کوردانە کراون.

ـ مامۆستا شاکیر فەتاح لە نامیلکەیەکا (ئافرەتی کورد) نووسیوەتی کە: چەند حەپسێکی عەرەب (لە خەڵکی بەسرا) لە زیندانی سلێمانی ئەبن داوای یارمەتی لە حەپسەخان ئەکەن، ئەویش خۆی ئاسایی یارمەتی‌یەکی باشیان ئەدا وە ئەم

« قسەخۆش و سوعبەت چی »

١ ـ دایە نەجیبەی ژنی خواجە ڕەزوق
٢ ـ هەنیسەی ژنی ئەلاوێردی
٣ ـ حەسینەی دایکی بەهجەتی حەسینە
٤ ـ بەهی‌یەی ژنی نیسانی موسی
٥ ـ مەلیحەی ژنی مەرقۆسی ئەلاوێردی

تێبینی :ـ

أ ـ ئەو ئافرەتانەی کە شارەزایی‌یان بووە لە مامانیدا هەر وەکو پیاوە جەراحەکان پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە لە نەنك و دایکیانەوە فێری بوون هەر لەخۆیانەوە نەچوونەتە ناو کارەکەیانەوە بەشێوەی ڕەسمی ڕێ‌یان پێدراوە، وەك لەو بەڵگەنامەیەدا ئەیبینین.

ب ـ ئەو نان کەرانە هەموو دراوسێ و خەڵکی ئەو گەڕەکە بوون ئاشناو خۆشەویستی ئەو مالانە بوون. بە چاوێکی دایکانە سەیریان ئەکردن، بەئارەقی ناوچەوان لەپاڵ پیاوەکانیان منداڵەکا... بەخێو ئەکردن.

ج ـ ئەو ئافرەتانەی لە تەعزێدا ئەیان لاوانەوەو دەنگیان خۆش بووە بەتواناو لێهاتوو بوون، زوربەی بێ‌پارە بووە، هە لەبەر سۆزی خۆشەویستی و کەسایەتی و دراوسێ‌یەتی بووە.

❊ ❊ ❊

دائره ٔ رئاستِ صحه ی لوای سلیمانی

ژماره ٥ /

روژی ١٩٣٣/١/١١

MUTASARRIF LIWA SULAIMANI
زماره ... Date ٣٣/١/١٠ روژ
متصرف لوای سلیمانی

Rais Saleiya ...
وارده ژماره ٦٨
روژ ٣٣/١/١٨

بو سعادتمآب متصرف لوای سلیمانی

بابت — رخصت‌نامه ٔ مامانه‌کان

ام مامانانه که ناویان له خواره وه عرض وبیان کراوه سالی بارله م دائره یه مسجلن وام سال لا بوکه بو تجدیدی رخصت‌نامه یان مراجعت بکه ن به م دائره یه حال وایه حتا ایستا مراجعتیان نکردوه ٠ بناء علیه رجا اکه م به واسطه ی دائره ٔ بلدیه وه امربفرمون تحقیق بکرێ ولیان سوال بکرێ اگر طالبن که ام سالیش دوام بکه ن به سرمهنتی خویان لازمه مراجعت بکه ن بو دائره مان بو تجدیدی اجازه یان واگر طالب نین بو ایشکردن بی‌وبسته ئه و اجازه نامه یه که لای خویان محفوظه بو دائره مان تسلیم واعاده بکه ن ودائره عدم اشتغالیان سندیان بده ین به دائره مان که ایتر ایش بحتی مامانی ناکان ٠ ایتر حرمت ٠

رئیس صحه ی لوای سلیمانی

صورتیکی بو — مودیری صحه ی عامي بغداد — بو حصولی معلومات ٠

| ناوی مامانـــــــ | مقنة زماره ٔ اجازه ی |
|---|---|
| رحمه کچی کریم | ٥٢٣ |
| اسومه کچی داپیر | ٥٢١ |
| خدیجه کچی ملا محمد | ٥١٩ |
| حلاو بنت عثمان | ٥١٧ |
| زینب کچی احمد | ٥١٥ |
| حبیبة کچی مصطفی بك | ٥١٢ |
| خاتون کچی محمد | ٥٠٥ |
| نماز کچی عزیز | ٥٤٣ |
| عائشه کچی امین | ٥٤٢ |
| رحمه کچی اوسطه کسروف | ٥٣٨ |
| رحمه کچی حمه رشید | ٥٣٦ |
| حبیبه کچی فتاح قهوه‌جي | ٥٣٥ |
| آمینة کچی عزیز | ٥٣٢ |
| فاطم کچی ابراهیم | ٥٢١ |
| فاطم کچی احمد | ٥٢٦ |
| فاطم بنت علی | ٥٢٥ |
| تروزه کچی سینلی | ٥٠٤ |
| رحمه کچی اوسطة اورحمان | ٨٦٩ |

## فۆلکلۆری لەبەرکردن و ڕازاندنەوە

(ژنانە)

١ ـ کەوا :ـ ناودارو بێناو لە گوروونی گوڵ باتمان، گوڵ وەقە، گوڵ بە سورمەی تاقە، قەنەوس ، شەعری گوڵ دار دروست ئەکرا.

٢ ـ کراس :ـ لە جامانە، کرێشە، قەنەوس، گورونی ، خامەك (مۆر، سەوز، سوور، پەمەیی ، بەنەوشەیی).

٣ ـ سووخمە :ـ قۆڵدارو بێقۆڵ لە قوماشی کەواو کراس.

٤ ـ دەسماڵ :ـ لە جامانە.

٥ ـ ئاوەڵ کراس = دەربێ : ـ لە بلووریو قوماشی کەوا.

٦ ـ سەڵتەی سوورمە: بەدەست ئەچنرا لە سەر قەدیفەی ڕەش وە شین.

٧ ـ کۆڵوانە : لە مشکیو چەفتەی مەلیکیو پووشین.

٨ ـ سەرپۆش: لە کرێشە، کچان بۆ لەچکیش بەکاریان ئەهێنا.

٩ ـ فێست = کڵاو .

١٠ ـ سەروپێچ: ئەمانەی بۆ بەکارئەهات:ـ
سرکەیی، مشکی، چەفتە، عەلیخانی.

١١ ـ چەکمە:ـ لە پێ ئەکرا:
سووربۆکچان، زەردبۆ پیرەژن.

١٢ ـ کەوش : أ ـ پلکەدار.

ب ـ زەهاوی (ڕەنگاوڕەنگ).
١٣ ـ پانی بەرز.
١٤ ـ قاپ قاپ.
١٥ ـ چارشیــو : ـ لە عەبــا پانتــرو درێــژتــر بوو لە قومــاشی نـەنـەوزو سورمـە دروست ئەکرا .
١٦ ـ جووت عەبا:ـ بریتی بووە لە دوو عەبا، یەکەمیان لەژێرەوە لەبەرئەکرا لە قەنەوزی شین هەتا سەرشان قۆڵیان تیٚهەڵئە کێشاو دووەمیان لە قوماشی چەفتەو سورمە هەر لە شیوەی عەبا بەسەر ئەوی ترا لەبەر ئەکرا.
١٧ ـ پەچە : ـ لەقوماشی ڕەش بەتایبەتی لەجورجێت ئەدرا بەسەر دەم وچاودا.
ئارایشت :ـ ژنان و کچان بەم شتانەی خوارەوە خۆیان جوان ئەکرد و ئەڕازاندەوە :ـ

خەنە، وسمە، سووراو، سپیاو، دیمەشۆرە، سابوونی سەرکەف، گڵەسەر، کل و کلتــوور، گوڵاو، ، پرچ هۆنینــەوە، ملوانکـەی بۆن و بەرامـەدار (حـەت حەتۆکە، سمڵ، مێخەك، گوڵەباخ، دەنکەشیلان)، لەگەڵ شتنی سەر بە هێلکە.
مت ومــووروو:ـ شەوە، شیــلان، بەرمــوور، بەردی خاڵ خاڵاوی، یەشــم، مووروویکــارەبــا، زەردوویی، گۆ، کووژەکــە، زەنگیــانــەو پولــەکە ( بۆ ژێرچەنە، بەرچــاوگــە، پشتێنی ڕازانــەوەی کراس ، فەقیــانــە، دەستمــاڵ، کراس، پاوانـە بەکارئەهێنرێ)، یاقووت، پیرۆزە، نقێم، بازن.
تێبینی :ـ ئەم مووروووانــە زۆری لەدەرەوە هێــزاون بەڵام چۆنیــەتی بەکــارهێنــان و ڕازاندنەوەیان فۆلوکلۆریو ئارایشت و ڕازاندنەوەیە لە کوردوستاندا.

# ئاڵتوون و زیو

١ ـ لاگیره
٢ ـ لوله‌و زنجیر
٣ ـ سه‌رپه‌رچه‌م
٤ ـ گۆبه‌رۆك
٥ ـ عاشق به‌ند
٦ ـ پشتێن
٧ ـ بازن
٨ ـ دووگمه‌و دۆلاب
٩ ـ کرمه‌ك
١٠ ـ گه‌ردانه
١١ ـ په‌روانه
١٢ ـ مێخه‌ك به‌ند
١٣ ـ ته‌زبیح
١٤ ـ حه‌بالی
١٥ ـ ژێرچه‌نه
١٦ ـ کلاوی ئاڵتوون
١٧ ـ مه[illegible]
١٨ ـ پاوانه
١٩ ـ که‌شکۆل
٢٠ ـ مله شیلان
٢١ ـ لووته‌وانه (غه‌زێم)
٢٢ ـ ساج لغ
٢٣ ـ گواره
٢٤ ـ مستیله
٢٥ ـ هه‌یاسه
٢٦ ـ که‌مه‌ره
٢٧ ـ لوله
٢٨ ـ بازی به‌نگ
٢٩ ـ ئه‌ڵقه‌و قولاپ
٣٠ ـ گوێ ده‌ست
٣١ ـ پشته سه‌ر
٣٢ ـ قاب قورئان
٣٣ ـ ده‌رزیله
٣٤ ـ کلاوزه‌ڕ

# (هەندێ نەریتی کۆنی کوردەواری لە سلێمانی)

لە جیهانی زانستدا «ئەتنوگرافیا»، ئەوزانستەی کە باس لە ڕەسم وعادەت و خووڕەوشتی خەڵك ئەکات، لەلایەکەوە دەبێت بە بەشێك لە «ئەنترۆپۆلوژیا» کە زانستی ناسینی ڕەگەزی ئادەمیزادەو لەلایەکیترەوە لەگەڵ فۆلکلۆردا تێکەڵ دەبێت، یا بلێین سوود لە فۆلکلۆردەبینرێ بۆ ساغکردنەوەی لێکۆڵینەوەی ئەتنوگرافی و ئەنترۆپۆلۆژی.

جیهانی ئەتنوگرافی کوردەواری زۆر ڕەگەزی کۆنی تێدایەو دیمەنێکی گشتیی ئیسلامی خۆی بەسەرردا کێشاوەو هەندێ شتی تایبەتیی کورد خۆیو هەر ناوچەیەش لەم ناوەدا خۆی دەنوێنێ.

ئەم کەرەسانەی نووسەر کۆیکردوونەتەوە، بەشێکیان بۆ زانا ئەنترۆپۆلۆژی‌یەکان و هەندێکیان بۆ داچەسپاندنی ڕێ و شوێنی ئەتنوگرافی ئەم ناوچەیە دەبنە کەرەسەی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی هەموو هاوکێشە گشتیو تایبەتی‌یەکانی ئەم بابەتە لە مێژوو و زانستدا.

بۆ فۆلکلۆریش وەك دەزانین فۆلکلۆر لای زۆربەی ئەوانەی لە جیهاندا لێی کۆڵیونەتەوە کردوویانە بە دوو بەشەوە:-

یەکەم: فۆلکلۆری دەستی

دووەم: فۆلکلۆری دەمی

نووسەر کە کەرەسەی سەر بە شاری سلێمانی کۆکردۆتەوە لە بەشی یەکەمی ئەم فۆلکۆرەدا بەدرێژی بابەتێکی جوان و خاوی داوە بەدەستەوە کە دەبێتە بناغەی لێکۆڵینەوەو نامەیەکی باش لەم بارەیەوە بۆ بەشی دووەمیش تەنیا چەند لایەنێکی گرتووە کە لە شوێنی خۆیدا چەند ووشەی دەربارە دەنووسین.

(ع.م.ر)

«هەندێ نەریتی کۆنی کوردەواری لە سلێمانی»

(١) لە ژن هێنانا:

هەڵ بژاردنی ئافرەت: ئافرەتێك کە کەسێکی کوڕەکە بێت ئەچێ کچێك ئەدۆزێتەوە وە نیشانەی ئەکا بۆ داواکردن ئەمە بەزۆری لە شارەکانا.

خوازبێنیو شیرینی خواردنەوە: کۆمەڵێ ئافرەتی سەربە زاوا ئەچن بە نهێنی هەموو مەرجێکی خوازبێنی ئەبڕیننەوە، دوای ئەوە بە ئاشکرا کۆمەڵێ پیاوانی سەر بە زاوا ئەچن بۆ داوا کردن و دەست ماچ کردن دوای ئەوە شیرینی ئەخورێتەوە.

چۆنیەتی گوێزانەوە:

جل برین: بازرگانێك بە کۆمەڵێ کوتاڵەوە ئەنێررێتە ماڵی بووك وە بە ئارەزووی خۆیان بەرگی بووك هەڵ ئەگرن وە ئەدرێتە دەست ئەو بەرگ درووەی کە لەوێدا ئامادە ئەبێ بەڵام لە لادێ ماڵی بووك و زاوا دێن بۆ جل هەڵگرتن.

خەنەبەندان: ماڵی بووك هەموو دەستە خوشکانی بووك بانگ ئەکەن و لەگەڵ ئافرەتە نوێنەرەکانی ماڵی زاوا بەگۆرانی‌یەوە دەست وپێ‌ی بووکەکەیان لە خەنە ئەگرن.

حەمام: کۆمەڵێك ئافرەتی سەر بە زاواو بووك بووکەکە ئەبەن بۆ حەمام بە گۆرانیو چەپڵە ڕیزانەوەو چاوەڕێی ئەکەن هەتا ئەشۆرێت و هەر بەو چەشنە ئەیبەنەوە بۆ ماڵی بووك.

گواستنەوە پیاوو ئافرەتی سەر بە زاواو بووك، بووك بە چەپڵەڕێزان و گۆرانی ووتنەوە ووردە ووردە ئەبەن بۆ ماڵی زاواو، وا باوە کە ئاوێنەیەك و سینیەك کە مۆمی لەسەر بێ لەپێش بووکەکەوە هەڵ ئەگیرێ، زۆر جاریش ئەگەر ماڵی زاوا دوور بێ بووك سواری ئەسپ ئەکرێو پیاوان و ئافرەتانیش بە سواریو بە پێ ئەڕۆن لەگەڵیا بە تەراتێن و ڕمبازی بووکیان ئەبەن لەدوای نان خواردن لە هەردوو ماڵ.

گەیشتنی بووك: کە بووك ئەگاتە ماڵی زاوا، زاوا بە قامیشێکی ڕەنگاوڕەنگ و گوڵینەوە لە سەربان لەسەر دەرگای چونە ژورەوەو لەگەڵ برا زاوا چاوەڕێی ئەکەن تا بووك ئەگات وە بەو قامیشە زاوا چەند جارێك ئەیکێشێ بە سەری بووکا گوایە بۆئەوەی سامی خۆی بنوێنێ بەسەریا وە لەوکاتەدا نوقوڵ بارانی بووك ئەکرێ.

زەماوەنـد: پێش گواستـەوەی بووك چەنـد رۆژێـك شایی و هەڵپـەڕکێ ئەکـرێ لە شوێنێکی تەختا، سا لە ماڵ بێ یان شوێنێکی‌تر. وە ئەم شایی‌یە بەردەوام ئەبێ تا ئێوارەی ئەوڕۆژەی بووکی تیا ئەهێنرێ کە کوڕەکە ئەبێ بە زاوا دێتەدەرێ، چەند تەقەیەك ئەکرێ بە دەمانچە یان تفەنگ بۆ نیشانەی ئاگادار کردن.

باوە خوون کردنـەوە: لەپـاش چەنـد ڕۆژێـك بەسـەر هێنـانی بووکـا، ماڵی بووك زیافەت ئەکەن بۆ ماڵی کەس وکاری زاوا بووك و زاواش ئامادە ئەبن، ئامانجیش لەمە ئەوەیە کە ئەو دوو خێزانە یەکتر بناسن بەم چەشنە کەس وکاری دووخێزان یەك لەدوای یەك ئەم زیافەتە ئەکەن وە لە زیافەتی یەکەمدا بووکێ بۆ چەند شەوێ لە ماڵی باوکی ئەمێنێتەوە تا زاوا ئەچێتەوە بەشوێنیا.

هێندێ شتی‌تر کە پێوەندی بە ژن هێنانەوەیە:

پاش تێلانە : ئەو دیاری‌یانەیە کە ئەیهێنن بۆ بووك لەپاش سێ ڕۆژ تێپەڕین بەسەر هاتنیا ئەمیش بریتی‌یە بە زێڕ، زیو، مشکی. . هتد.

برازاوا: زاوا پیاوێك هەڵئەبژێرێ لە دڵسۆزانی خۆی بۆئەوەی پشتێنی بووك ببەستێ لەپێش هێنانیا بۆ ماڵی زاوا، وە سەر پەرشتی‌ی زاوا ئەکا.

ڕێگـەگـرتن بە بووك: کە بووك ئەبـرێ هێنـدێـك جار چایچی کورسی دائـەنێ وە ڕێگەیان لێ ئەگرێ تا بەخشیشیان نەدەنێ ڕێگەکەی بەرنادا، هەروەها کەسانی تریش ئەم کردەوەیە ئەکەن.

(٢) هەڵپەڕکێ:

هەڵپەڕکێ هونەرێکی جوانی کوردانەیە کە خۆشی پیشان ئەدا. زۆر جار ئەبێ بە ڕەش بەڵـەك، واتـا ژن و پیـاوپـێـکـەوە دەستـیـان ئەگـرن و هەڵ پەڕن ئەم هەڵپـەڕکێیـانـەیش لە هێنـدێـك بۆنـەدا بەکـارئـەهێنرێ، وەك ژن هێنان، ناوڕان، دروێنە، سەیران، خەتەنە سووران . . هتد.

پێخەسوو: (بەربووك) ئەو ژنە سەرەیەیە کە لەگەڵ بووکا ئەڕوات بۆ ماڵی زاواو

هەمـوو جۆرە ئامـۆژگـاری‌یـەکی ئەکـات ، دوایيش ڕوو سووری‌یەکەی ئەباتەوە بۆ ماڵی بووك .

پۆیلانە : ئەو پارەیەیە کە ئەخرێتە پێڵاوی بووکەکەوە لە ماڵی خۆیان وە پێ‌خەسوو لە ماڵی زاوا هەڵی‌ئەگرێ بۆ خۆی.
خەڵاتی بووك: لەلایەن دایکەوە خەڵاتێك پێشکەش بووك ئەکرێ لەکاتی باوەخون کردنەوەدا.

(٣) منداڵ بوون:
شەوارە: دوای بوونی مناڵەکە ئاهەنگ ئەگێرێ‌و شەوچەرە ئەخورێ‌و یاری‌و پێکەنین درێژە ئەکێشێ شەو هەتا بەیانی ماوەی چەند شەوێك.
ناوکەبرانە : ئەو دیاری‌یانەن کە ئەهێنرێت بەبۆنەی پیرۆزباییەوە.
پۆیلانە: ئەو دیاری‌یانەن کە خزمی مناڵەکە ئەیهێنن.
حەوتە حەمام: پاش حەوت ڕۆژ زەیستانەکە ئەبرێتە حەمام و ئەشۆرێ‌و کە دێتەوە لەگەڵ هاورێکانیا لە ماڵی زەیستانەکە نان ئەخۆن،
وە بۆ ئەمەیش خەڵکی بانگ ئەکرێ بۆ خۆشتن.
ناونـان: پاش حەوت ڕۆژ مەلایـەك و چەنـد هاورێیـەك لەلایـەن باوکی منـاڵەکەوە بانگ ئەکرێ‌و ناوی مناڵەکەیان ئەنێن و بانگی بەگوێدا ئەدەن.
چلەشـۆر: لەپـاش تێپـەڕ بوونی چل ڕۆژ بەسـەر بوونی منـاڵـەکـەدا دایـك دیسان ئەچێتەوە بۆ حەمام.

(٤) مردوو مردن : بە شێوەیەکی تایبەتی مردوو ئەبرێ بۆ گۆڕستان وە لە هێندێ شوێنا ئێستا بە دەهۆڵ و زوڕنا ئەبرێ وە ئاوازی چەمەری بۆ لێ‌ئەدرێ.
پرسـە: ئەو ماوەیـەیـە کە پاش مردوو پیـاوان و ژنـان دائـەنیشن و خەڵـك دێن بۆ سەرخۆشی کردنیان، وە لە هێندێ شوێنا خواردن لە ماڵە پرسە دروست ئەکرێ‌و لە هێندێ شوێنا لە ماڵانەوە خواردن ئەچێ بۆ ماڵە پرسە.

پرسەشکاندن: دوای ماوەیەك کە بەزۆری ساڵێکە پرسە ئەشکێنرێ، وە لە پرسەدا بەزۆری جلی ڕەش یان شین لەلایەن کەس وکاری مردووەکەوە ئەپۆشرێ، وە ئەو ماوەیە ئافرەتان لە ماڵ ناچنە دەرەوە بۆ گەڕان یان سەیران. وە هەموو شێوەیەکی ماتەمینی لە ماڵا وەرئەگرن.

نان دروست کردن بۆ کۆست کەوتــووان: ماوەی سێ ڕۆژ کەس وکــاری مردوو لە ماڵانەوە نانیان بۆ دێت.

شیــوەن: ئافــرەتێــك بە ئاوازو هۆنــراوەو لە شێــوەی هۆنــراوەودا بەسۆزەوە مردووکەی ئەلاوێنیتەوەو پرسەکەران ئەگرین و لە خۆیان ئەدەن وە بۆی ئەسێننەوە.

گەرمەگۆڕ: ئەو خواردنەیە کە لەلایەن کەس وکاری مردووەوە ئەهێنرێت وە لەکاتی ناشتنی مردووەکەدا لەسەر گۆڕ ئەخورێت.

سێ ڕۆژگــانــە: لەپــاش تێپــەڕبــوونی سێ ڕۆژ بەســەر ناشتنی مردووەکــەدا خواردن لەلایەن خاوەن پرسەوە ئەبەخشرێتەوە.

حەوتم: یەکێــك کە حەوت منــاڵی نابــاڵغیی مردبێت قۆچێکی بۆ سەرئــەبــڕێت بەهیوای ئەوە کە هەر حەوت دەرگای بەهەشتی بۆ بکرێتەوە.

(٥) خۆتێوەشــانــدن: لە هەر ماڵێــك تەنــوور دابخــرایــە بۆ نان کردن پاش ئەوەی نانــەکــە تەواوئــەبــوو لە گەڕەکــەکــەدا ئەچــوون جلەکــانیــان ئەبرد بۆسەر تەنوورەکە تێیــان ئەوەشــان، ئینجــا چی ئــەسپێ لەو جلانــەدا بووایە ئەکەوتە تەنوورەکە وە ئیتر ئەوشەوە تێر ئەخەوتن.

(٦)تەبەقە ترانە: وەکو باسمان کرد لە زۆر شوێنی تر لە گەڕەکەکاندا کۆئەبونەوە لە ماڵێك وە دەستیان ئەکرد بە یاری‌کردن وە پێکەنین بە ڕێکەوت ئەگەر یەکێك ترێکی بکەندایە یەکسەر هاواریان ئەکرد ئەرێ وەڵلا تەبەقە ترانەکەی کەوتە سەر، ئینجا خاوەن ترەکــە ئەبــوایــە شتێکی بکــرێیــایــە بۆ ئەوکــەسانەی کە گوێیان لە ترەکەبوە بۆئەوەی لای کەسی‌تر باسی نەکەن ئەمە بووە تەبەقەترانە.

(٧) گوێــزەبــانــە: هەر ماڵێــك کوڕیــان ببــووایــە شەوێکیــان بۆ تەرخــان ئەکــرد ئاهــەنگێکیــان بۆ ئەکــرد ئەو شەوە زۆربــە خۆشی ڕایــان ئەبــوارد تا درەنگ، پاشان توورەکەیەکی گەورەیان ئەهێنا پڕبوو لە مێوژ و گوێزو بادام و باسووق و نۆك و ناوکە

شوتیو دەنگ کولەکەو زۆر شتی تر لەگەڵ نوقوڵ تێکەڵ ئەکرا، ئینجا هەریەکە شتێکی لەو توورەکەیە ئەکرایە دەستیەوە بەمە ئەووترا گوێزەبانە.

(٨) حەمام قۆرغ کردن: لە سەردەمی پیشوودا زوربەی ماڵەکان حەمامیان لە ماڵدا نەبووە هەندێ ماڵ شوێنێکی تایبەتیی هەبووە پێیان ووتووە (سەر شۆرك) مەنجەڵە ئاویان گەرم کردووە خۆیان تیا شتووە، بەڵام هەندێ خێزان کە توانایان هەبووە توانیویانە حەمامی دەرەوە بگرن بەتایبەتی بۆ خێزانێك، کەسیتر لەوکاتەدا نەیتوانیوە بچێتە حەمامەکە تا خێزانەکە هاتووەنەتە دەرەوە ئەمەبوو حەمام قۆرغ کردن.

(٩) شاربەدەر: شاربەدەر کرا:-

جاران ئافرەتێك یان پیاوێك زینای بکردایە یان شتێکی ناشیرینی بکردایە، سزاکەی ئەوەبوو سەری پاك ئەتاشراو پشتاوپشت سواری کەرێکیان ئەکرد، دوای ئەکەوتن بەرەو دەری شار ئەبرا خۆڵ و دۆیان ئەکرد بەسەریا. زۆر جاریش بەردەبارانیان ئەکرد.

(١٠) نانی جومعانە: ئێوارەی پێنج شەممان کە بەیانی جومعە ئەبوو مجەوری مزگەوت ئەگەرا بە ماڵەکانەوە داوای نانی ئەکرد ئەیگووت (نانی جومعانە رەحمەتتان لێبێت) لە رۆژانی تریشیدا چەند ماڵێك چێشتیان ئەنارد بۆ مجەورەکە لە هەر ماڵێکەوە هەر جۆرە خواردنێك هەبووایە بۆیان ئەنارد بۆ مزگەوت. ئەویش حاجەتی نەبوو ئەیکرد بەسەریەکا هەتا بووە بە مەسەل پێی ئەڵێن (ئەڵێی چێشتی مجەورە).

(١١) دەقنەی فەقێ: سەردەمی کۆن هەر مزگەوتێ نزیکەی پێنج تا دە فەقێی تیابوو لای مەلای مزگەوتەکە ئەیان خوێند ئەم فەقێیانە لەوکاتەدا هیچیان مووچەیان نەبوو، زۆریشیان خەڵکی دەرەوە بوون وە زوربەشیان فەقیر بوون، دیارە ئەوانەش پێویستییان بە خواردن هەیە لەو سەردەمەدا بووبوو بە عادەت خەڵك یارمەتی فەقێکانیان بەم شێوەیە ئەدا کە پێیان ئەگوت:

دەقنەی فەقێ، هەمووساڵێك لەپایزدا لە مانگی دەدا کە حاصلات دەرئەچو هەر فەقێیەك گوینییەکی هەڵئەگرت ئەچوو بۆ ئەو ماڵانەی عائیدی مزگەوتەکە بوون

ئەچوونە بەر هەر ماڵێك ئەیان ووت «دەقنەی فەقێ بچنە بەهەشتێ» هەر فەقێ‌یەك گوێنی خۆی جیا بوو بۆ جۆرێ خواردەمەنی‌یەکە، یەکێك برنج، یەکێك ساوەر، یەکێك ماش، یەکێك گەنم، یەکێك نۆك، یەکێك نیسك وە هەموو جۆرەکانی‌تر بۆ ڕزقی ئەوساڵە کۆیان ئەکردەوە بۆ زستان تا پێ‌ی‌بژین.

(١٢) ڕاتبەی فەقێ : عەسرانی هەموو ڕۆژێك یەکێك لە فەقێ‌کان هەڵ ئەستا ئەگەڕا بە ماڵەکانا بۆ کۆکردنەوەی نانی ڕۆژانە ئەچووە بەر هەر ماڵێك لە دەرگاکەی ئەدا ئەی‌ووت: ڕاتبـەی فەقێ ڕەحمـەتتـان لێ بێت، ئەوانیش نانێکیـان ئەدایـە بەم جۆرە ئەگەڕا بە ماڵەکانەوە.

(١٣) کاسەدراو سێتی : جاران هەموو ماڵەکانی گەڕەك کە ئێواران باو بوو چێشت لێ‌ئەنرا هەر ماڵە لە دەوری‌یەکدا چێشتی ئەنارد بۆ دراوسێکەی وە هیچ ماڵێك بێ دراوسێکـەی خواردنی نەئـەخـوارد، زۆر جار ماڵێـك خواردنی باشیـان نەبـووە، کوڕەکەیان حەزی لەو خواردنە نەکردووە چۆتە ماڵە دراوسێکەی ئەوان خواردنی باشیان

هەبووە، چونکە هەموو ماڵی یەکتریان بە هی خۆیان زانیوە. هەروەها ماڵێك لە گەڕەکەکەدا دیاری‌یەکیان بۆ بهاتایە وەکو میوە بەشی زۆری ئەو ماڵانەیان ئەدا کە نزیك بوون لێ‌یانەوەو بۆیان ئەناردن و گەڕەك بە چاوی یەك خێزان سەیری یەکیان ئەکرد.

(١٤) خەتـەنـەسـوران : کە منـداڵ خەتـەنـە ئەکرا، زۆر منداڵ تەمەنی ئەگەیشتە حەوت ساڵان و بەرەوژ وورتـر، گەڕەکیـان دەنـگ ئەدا خزمـان و دراوسێ بانـگ ئەکـران، ئینجـا نانێکی زۆریـان دروست ئەکـرد بۆ نیـوەڕۆو ئێـوارە، لە دەمەدەمی عەسردا ئەوکەسانەی کە منداڵیان خەتەنە ئەکرد وەك حاجی کەریم، سەید خلیل، وەستا ئەمین، وەستا تۆفیق، ئەمانە خۆیان دەلاك بوون منالێشیان خەتەنە ئەکرد بە خۆی‌و جانتاکەوە ئەهات، ئینجا ماڵەکە منداڵەکەیان لە سەر کورسیەك لە باوەشی یەکێك دا دائەنیشاند، هەردوو دەستی‌و قاچی توند ئەگیرا، دەست ئەکرا بە لێدانی تەپـڵ و دەف لەولاشـەوە دەلاکـەکـە چەقـۆ تیـژەکـەی ئامـادە ئەکـرد، یەکێـك بە منـداڵـەکـەی ئەگـوت سەیـری ئەو چۆلـەیـەکـە بەئـاسمـانـەوە، منـاڵەکەش سەری

هەڵ ئەبری لەوکاتەدا منالەکە خەتەنە ئەکرا بەدەم لێدانی تەپڵ و دەفەوە کە منداڵەکە ئەگریا ڕەحەتە لقومێکیان ئەخستە دەمیەوە، دوای خەتەنەکە منالەکە کراسێکی درێژیان لەبەر ئەکرد بۆئەوەی برینەکەی نەکولێتەوە.

(١٥) حاجی: هەرکەسێك بچووایە بۆ حەج پێش چەند ڕۆژێك هەموو شتێکیان بۆ ئامادە ئەکرد (تەدارەك) خواردنی چەند مانگێکیان ئەبرد لەگەڵ خۆیان چونکە بە قافڵەی وولاخ و ووشتر ئەڕۆیشتن، چون و هاتنیان زۆری پێ ئەچوو، پاشان ئۆتومبیل پەیدابوو، ئەم ماوەیەکی کەمی پێ ئەچوو، پاش حەج کردن کە ئەگەڕانەوە لە بەغداوە هەواڵیان ئەنارد کە فلان ڕۆژ دێنەوە، ئینجا لەوڕۆژەدا کەس وکاری حاجی لەگەڵ منداڵی دەرو دراوسێ هەریەکە بەیداخێکی ڕەنگاوڕەنگیان هەڵئەگرت ئەڕۆیشتن بە کۆمەڵ بەرەو قوری‌یە شکاو لەوێ کۆمەڵەیان ئەبەست وە ئەسپێك ئامادە ئەکرا بۆ حاجی چاوەڕێ‌یان ئەکرد تا حاجی ئەگەیشتەجێ، ئینجا پاش دەست ماچ کردن سواری وولاخەکە ئەبوون و بەرەو شار ئەهاتن، بە تەپڵ و دەف و بەیداخەکانەوە، ئینجا حاجی ڕووی ئەکردە مزگەوتی گەورە بۆ زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخ هەر لەوکاتەدا مەڕ سەرئەبڕرا، ئەکرا بە خێر بۆ فەقیری مزگەوتەکە ئینجا بەرەو ماڵ ئەهاتنەوە، نانێکی زۆر دروست ئەکرا تا سێ شەوو سێ ڕۆژ نان ئەخوراو هەرچی فەقیری شارەکە هەبوو ڕوویان ئەکردە ماڵە حاجی‌یەکان وە دەرگا لەسەر پشت بوو، بۆ ئەرکی ئەم نان کردنە کچ و ژنانی گەڕەك یارمەتی ماڵی حاجی‌یان ئەدا.

(١٦) نان کردن: زۆر لەو ماڵانەی کە دەوڵەمەند بوون سەرتەنووریان هەبوو بۆ شوێنی نان کردن، ماڵانی گەڕەك لەو سەرتەنوورانە نانیان ئەکرد، چونکە هەموو ماڵێك بەشی مانگێك یان زیاتر نانیان ئەکرد، لەبەر ئەوەی نانی بازاڕیان نەئەخوارد، هەرماڵێك کە نانی ئەکرد دەرو دراوسێ ژنەکانیان نانیان لەگەڵ ئەکردنەوە تا دەمەدەمی نیوەڕۆ، ئینجا چەند کولێرەبە ڕۆنێکیان ئەکردەوە بەشی هەریەکە لە نان کەرەکانیان ئەدا بە چاوە ئەیانخوارد بۆ نیوەڕۆ پاش پشوودان تەنوورەکە دائەخرایەوە دەستیان ئەکردەوە بە نان کردن لەسەر نان کردن ژنان کۆڕی پێکەنین و گۆرانیان ئەبەست.

ئەمـەش نیمچـە ئاهـەنگێـك بوو، ژنـان یەكە نانەكەیان ئەكردەوە، بە تیرۆكەكەیان ئەیـان خستـە سەر مایـەكـە وە نان پێـوەدەرەكـەش ئەیدا بە تەنوورەكەوە، كە ئەبرژا بەدەست نانـەكـەی لێ ئەكـردەوە، زۆرجـار نانەكە ئەكەوتە ناو تەتوورەكەوە، نیوەی نانـەكـە ئەسـووتـا، پێیـان ئەووت كولـو، ئینجا نانپێوەدەرەكە بە دارێكی باریك كە پێیان ئەووت كوڵەووژ نانە سووتاوەكەی ئەهێنایە دەرەوە، پاش نان كردن تەشتێك هەویـری تایبـەتی ئەشێلرا ئەكـرا بە كولێـرە بەڕۆن وئەبـەشرایەوە بە ماڵانی گەڕەكا لەگـەڵ نان كەرەكـان وە نان پێـوەدەرەكـەش كولێـرەو دەستـەوارەیـەك نانی ئەبـردەوە بەم جۆرە كۆتایی بە نان كردنی ئەوڕۆژە ئەهات، تا ماوەیەكی تر كورت یان درێژ.

(١٧) شەوی بەرات: جەژنێكی ئاینیە هەموو ساڵێك ئەم جەژنە ئەكرێت، ئەو شەوە چێشت لێ ئەنرێت و مۆم دائەگیرسێنرێو بخورد ئەسووتێنرێوە هەر ماڵە ئەو شەوە مێوژ و گوێزو نوقوڵ و خورما وە هەندێ پارە ئامادە ئەكەن پاش نان خواردنی ئێـوارە منـداڵان دەست ئەكـەن بە گەڕان بە ماڵانـدا وە ئەچنـە بەر هەر ماڵێـك بەم شێوەیە [بەرات] ئەكەن ئەڵێن شەوێ شەوی بەراتێ خوا دووكوڕو كچێكتان باتێ

خاتونێی سەر بە زێرێ دەست لە كەنوان بگێرێ

بەشی منالان بنێرێ

ئەم ماڵـەش بۆ هەر منـداڵێـك مشتێ مێـوژ و گوێـزو نوقـوڵیـان بۆ ئەكـەنـە ناو تورەكەكانیانەوە بەم جۆرە تا درەنگانێك منداڵان ئەگەڕێن پاشان ئەڕۆنەوە ماڵەوە. ئەم شەوە شەوی پانـزدەی شەعبـانـە، بەم بۆنـەیـەوە لە مزگەوتەكانیا ئەهلی گەڕەك كۆئەبنەوە قورئان و حەدیسی پێغەمبەر - ص - ئەخوێندرێتەوە، وە لە خوا ئەپارێنەوە بۆ ئەوەی ساڵە كە ساڵێكی بەخێرو بەرەكەت و بە رزق بێت.

(١٨) سەمـەنی: سەمـەنی خواردەمـەنی یـەكی كوردانـەیـە، بە ڕەنـگ لە دۆشـاو ئەكـات. تام و بۆنیشی خۆش و شیـرینـە. ئەم خواردەمـەنی یـەلـە چلەی زستـانـدا دروست ئەكـرێ. سەمـەنی ئەركی زۆرە، لەبـەرئـەوە هەمـوو خێـزانێـك ناتـوانێ دروستی بكـات، ئەوانـەی سەمـەنی ئەكـەن دێنن: گەنمـەكـە ئەشـۆنەوە وە لەسەر سەبەتەیەك بڵاوی ئەكەنەوە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاوی لێ ئەپەرژێنن هەتا چەكەرە ئەكات وە گیـایـەكی نـاسكی تەڕوبـڕی لێدێتە دەرەوە، لەدوای ئەوە بە گیاو چەكەرەكەوە

لەناو دۆڵـێکا ئەکوترێ، لەناو تەشتێکا ئەگلۆفرێ وە ئەگوشرێ تا تلْپە ڕوونەکەی ئەمێنیەوە ئینجا تلْپەکەی فڕێ ئەدرێ، ئاوەکەشی ئەپاڵێورێو ئەکرێتە مە نجەڵێکی گەورەوەپـاش ئەوە بەپێی پێـویست ئاردو ئاوی تێئـەکـرێت وە ئەکـولێنرێ تا توند ئەبێتەوە وە ئەم کارە لە ئێوارەوە تا نیوەشەو ئەخاێنێ . لەم ماوەیەدا دەستەکچی ئەو گەڕەکە کە کۆبۆنەتەوە لەو ماڵە دەستئەگرن بەدەوری مەنجەڵەکەدا ئەسوڕێنەوە بە گۆرانی ووتن، هەمـوو کچـەکـان دەست و قاچیـان لە خەنـە ئەگـرن وە بۆ تێکدانی سەمەنی یەکە نەبێ حەوت کچ تێکی هەڵدەن ئینجا سەری مەنجەڵەکە دائەپۆشن تا بەیـانی ،پـاشـان ئەنـوون، بەیـانی سەری مەنجەڵەکە هەڵئەدەنەوە ئەبینن ئاوێکی زرنگ و ڕوون بەسەر سەمەنی یەکەوە وەستاوە سەمەنی یەکەش ئاڵ هەڵگەڕاوە (١) بەڵام لە هەموو شتێك سەیرتر لە کاتی دروست کردنیا بە هیچ جۆرێك شەکری تێ ناکـرێت کەچی پاشـــان لەبـەر شیـرینی ناخـورێ، ئینجـا تێی ئەکـەن ئەگێـڕن ئەیبـەشنـەوە بەسـەر خزم و کەس و کارو دراوسێـدا. سەمـەنی خواردەمـەنی یەکی تایبـەتی یـە لە کوردەواریـدا جگـە لەوەی کە خۆشـە بەبـۆنـەی دروست کردنیـەوە کەس وکـــارو دەرودراوسێ لە یەك جێدا کۆئـەبنـەوەو خۆشـەویستی و دۆستـایـەتی تازەئـەکـەنـەوە وە کەمـەری یەکێتی و برایـەتی ئەبەستنەوە. کورد لەم جۆرە خواردنە خۆشەوستیانەی زۆرە، گیپەو کەشکەك و ساوەر وە هەروەها دانولەش وەك سەمەنی سەرچـاوەی خۆشی و بەزم و ڕەزم وهـۆی بەهێـز کردنی کۆمـەڵایـەتیمانن، لەبەرئەوە پێویستە بە چاوێکی خۆشەویستیانە سەیریان بکەین.

---

(١)کە سەری مەنجەڵی سەمەنی هەڵئەدەنەوە هەموو جار ئەبینن پێنج پەنجە، واتە شوێن دەستێـك وا بەسـەر سەمـەنی یـەکـەوە، بەمە دەڵێن پەنجەی ئایشێ وفاتمە، دیـارە ئەبێ ژنێـك بەدزی یـەوە ئەم پەنجـەیەی پێوەبنێ. هەرچی ناونانەکەیە، ئەوە لەجیهـانی لێکـدانـەوە (ئەنتروبۆلوجیا)دا دەتوانین بە تێکەڵکردنی ناوی ئیسلامی ی بزانین لەگەڵ باوەڕی کۆنی پێش ئیسلامدا.

(ع . م . ر)

تێبینی :

دروست کردنی ئەم سەمەنی‌یە تەنها بۆ خواردن نی‌یە بەڵکو ئەوانەی کە خەریکی ئەبن لەکاتێکدا کە گەنمەکە ئەڕوێنن لە سەر سەبەتەکە ئەڵێن خوایە فلان مەقسەدم حاسڵ بکەیت، ئەویش یان شووە یان کەسێکی نەخۆشە ئەیەوێ چاك بێتەوە وە یان کەسێکی لە دوورە ئەیەوێت نزیك ببێتەوە.

(١٩) سیاوەرکولاندن : ساوەر ئەکوڵێ و ئەبرێتە سەربان بۆ ووشك بوونەوە، نیمچە ئاهەنگێك ئەگێڕرێ بەتایبەتی لە کاتی کوتانیدا.
(٢٠) برنج کوتان : ئەویشی وەکو ساوەر کولاندن ئاهەنگی بۆ ئەکرێ.
(٢١) دەستار : کۆمەڵێ ئافرەت تا ساوەرەکە ئەهاڕن گۆرانی ئەڵێن و بەزم ئەگرن.
(٢٢) خەرمان لۆغە : لەکاتی هەڵگرتنی دانەوێڵەد هەژار دەهات بۆ داوا کردنی بەشر، وەئەیوت : خەرمان بەرەکەت ، ئەوانیش وەلامیان ئەدایەوە ئەیان ووت : خ. و بەرەکەت، وە بەشیان ئەداو ئەڕۆیشت.
(٢٣) پیتاك : یەکێك سینیەك یان کلاویك یان دەستە سرێك ئەگێڕێ بەناو خەڵکدا لەو شوێنانەی کە چرن لە خەڵك بۆ پارەکۆکردنەوە بۆ لێ‌قەوماو.
(٢٤) ڕێز لەمرۆڤ گرتن : زۆر چەشنی هەیە وەك دەست ماچ کردن، وە ووتنی «نۆشتبێ» دوای خواردنەوە وە «فەرموو»ی ڕێزگرتنی لە خۆ بەتەمەن گەورتر ساڵە قسەکردنا یان لە دانیشتنا لەگەڵیدا... هتد.
(٢٥) جەژن وگەردن ئازادی : زۆر ناکۆکی لە جەژنا کۆتایی دێت بە گەردن ئازادی کە دەست ئەکەنە ملی یەکتر وە یەکێکیان ئەڵێ «گەردنم ئازادکە»ئەوی تریان ئەڵێ «گەردنت خۆش وئازادبێ».
(٢٦) ئاموشۆکردن : هاوڕێیان یان خزمان هەر لە ماوەیەکا جارێك ئەچن بۆماڵی‌یەکتری بۆ هەواڵپرسین.

تێبینی :

ئەم جۆرە خوو ڕەوشتانەی خوارەوەش لە لادیکاندا باو بوون :-

١ ـ ژنبەژن : لەزۆر شوێنی کوردەواریدا باوە کچ بە کچ ئەگۆڕنەوە ئەمەش نەریتێکی تایبەتی هەیە.
٢ ـ شارۆ : لەپاش باخ بەرەڵا بوون ئەچن بۆ چنینیەوەی میوە.
٣ ـ گوڵەوەچن : لەپاش دروێنەی گەنم وجۆو چەڵتووك ئەوگوڵانە ئەچننەوە کە بەجێ ئەمێنێ. ئەویش لەلایەن هەژارانەوە.
٤ ـ هەرەوەزی کشتوکاڵ : لەم فرمانانە دا خواردن ئەبرێو ئەکرێ بەسەیران و هەڵپەرکێو ئاهەنگ تا ئێوارە لە فرمانەکە ئەبنەوە ئەو فرمانانە ئەمانەن: جووت، جۆماڵ، دروێنە، پاچەکوڵە، بژار، خەرمان کوتان، شەتڵ لێدان، کۆکردنەی میوەی ناوباخ....
٥ ـ ژن و ژن خوازی : لە لادێکاندا باوە کە کچیان شوو نەکات بە خێزا نێکی‌تر وە کوڕیان لەخێزانێکی‌تر ژن نەهێنێ، بەڵکو لەناو خۆیاندا ژن و ژن خوازی ئەکەن وە ئەم هۆنراوەیەشی لەسەرە : ئەگەر چاکە حەیفە بۆ خەڵك خراپە عەیبە بۆ خەڵك.
٦ ـ نیشانەکردنی کورو کچ لە منالّیەوە بۆ یەکتری : کچ و کوڕێکی ساوا لە یەکتر مارە ئەکرێن لە لایەن باوکی هەردووکیانەوە تا گەورە ئەبن ئینجا کچە ئەگوێزرێتەوە بۆکورە.
٧ ـ خوێن خۆشکردن : دوو لاکە خوێن لە بەینیانایە بە پارە یان بە ژن خوازتن لە یەکتر خۆش ئەبن.
٨ ـ جل شتن : کۆمەڵێ ئافرەت ئەچنە سەر چەم وە جل ئەشۆن، ئەمەیش ئەکرێ بە سەیرانێك وە ئاهەنگ و بەزم و هەڵپەرکێی تێدا ئەکرێ تا ئێوارە دێنەوە وە پێی ئەوترێ «کوڵەکانی ـ چەماشۆر».

● ● ●

## بووکی کوردەواریی کۆن

بووکمان هێنابە گیان ودڵ
گوڵمان هێنا بۆلای بولبول
پەروانە ومۆم عەترو سمبڵ

سورمە پۆشە مانگی تابان
هەروەك شنەو سروەی بەیان
دەستی زینمان بەمەم گەیان

بووکمان هێنا بەنازوداو
کل وکلتور سوورو سپیاو
ئارایيشت وپەرداخ کراو

خشڵ وئاڵتوون زیووتەڵا
زەرد وسەوز وئاڵ و واڵا
شادیوخۆشی دوورلەبەڵا

بارگە وێنە جڕو جیازی
سازو سەمتور بەرمبازی
ڕەشبە لەك وتەقەو وازی

بەجوانترین ڕەنگ وشێوە
بەوتارایە بەوچار شێوە
خاڵ وگۆنای داپۆشیوە

# (فۆلکلۆری باوەڕ)

شەماڵە گرتنەوە :

ژنان وا باوبوو لەناویانا ئەگەر نیازێکیان هەبوایە، ئێوارەی شەممە پێش دنیا تاریک بوون ئەوژنە لەشوێنێکا ئەوەستا کە سێ ڕێی یان بێت، وە گوێی شل ئەکرد لەو کەسانەی یەکەمجار بەڕێی هەر ڕێیەکیان بڕوات و ئینجا دوەمیان و ئینجاسێیەم بۆئەوەی بزانێ وتەی ئەم سێ کەسە یان ئەوکەسانەی کە تێپەڕبوون چونکە مەرج نیە چەند کەس بن وتەکە خێرو دڵخۆشی ئەگەیەنێ یان بەپێچەوانەوە . خۆ ئەگەر خێرو دڵخۆشی بگەیاندایە ئەوا بە دڵێکی خۆشەوە ئەو ژنە ئەگەڕایەوە ماڵەوەو ئەیوت مەرام و نیازەکەم بە باشی یەتەدیو ئەگەر بەپچەوانەشەوە بوایە ئەوا دۆش دائەماو خەفەتی پێ ئەخوارد.

مناڵ داخ کردن :

مناڵی سەردەمی ڕابووردوو ڕووکراوە نەبوون وەك ئیستا، بەدەگمەن ڕێك ئەکەوت مناڵێکی هارو هاج و بزبۆ هەڵکەوتابە، ئەمەش ئەگەر جارێ خەتایەکی گەورەی بکردایە بۆئەوەی دووبارە نەبێتەوە ئەهاتن بە مقاشێ پشکۆیە ئاگریان ئەهێناو مناڵەکەیان پێ داخ ئەکرد.

داخ کردن بۆ چاك کردنەوە (عیلاج):

ئەگەر یەکێ تووشی ئازاریك ببوایەو هەر چاك نەبوایەتەوە ئەیان هێنا پارچەیەك ئاسنیان لەناو ئاگرا سوورئەکردەوەو ئەوکەسەیان پێ داخ ئەکرد، بۆچاك بوونەوەی ئازارەکەی.

قورقوشم توانەوە بۆ ترس لابردنی منالّ :
ئەگەر منالّێك بترسایە لەخۆیەوەو هۆی ئەو ترسە نەزانرایە ئەیان هێنا قورقوشمیان ئەتواندەوەو ئینجا جامێ ئاویان ئەهێنا لەژوور سەری منالّەکەوە ڕایان ئەگرت و قورقوشمە تواوەکەیان تێ ئەکرد ،قورقوشمەکە کە یەك ئەگرێتەوە هەر شکلّێکی وەرگرتایە ئەمان سەیریان ئەکردو وەکو قاوەگرتنەوە لێکیان ئەدایەوەو ئینجا ئەچوون لای مەلایەك دوعایەکیان بۆ ئەنوسی بۆ چاك بونەوە.

خۆش کردنەوەی باران:
لەکاتێکا ئەگەر باران زۆر بباری‌یایەو خۆشی نەکردایەوە بەتایبەتی لە بەهارانا، ئەیان هێنا ناوی (چل) کەچەلّیان ئەنووسی‌و ئەیان خستە بەر بارانەکە بۆئەوەی خۆش بکاتەوە.

باران کەمی :

هەر سالّێ بێ‌بارانی بوایەو پەلّەی دوابخستایە خەلّکی زۆریان لەبەر گران ئەبوو، منالاّن ئەهاتن بووکێکیان لە قوماش درووست ئەکردو دەم وچاویان بۆئەکردو جل وبەرگیان ئەکردەبەرو ئەیان دا بەسەر دارێکی ڕاست و چەپاو دوو منالّ هەریەکەیان سەرێکی دارەکەی ئەگرت و مالّ بە مالّ بە بەردەمیا ئەڕۆیشتن لە مالاّنی گەڕەك و ئەمەیان ئەوت بەدەم یاری‌یەوە (بووکە بەبارانێ ئاوی بن دەغلاّنێ ، سەعاتی جارانێ) ئیتر ئەو مالّەی ئەمەیان بۆ ئەوتن ئەهاتنە دەرێ‌و هەندێ ئاویان ئەکرد بە سەری بووکەکەداو هەندێ پارەیان خەلاّتی تریان ئەدا بە منالّەکان و دوای ئاو پیاکردنەکە هەر مالّەی دەرزی‌یەکی ئەدا لە بووکە دروستکراوەکە بەهیوای ئەوەی ئاواتی ئەومنالاّنەکە باران بارینە بێتەدی، دیسان ئەیان وت (بووکەبە بارانێ ئاوی بن دەغلاّنێ سەعاتی جارانێ)و ئەشیان وت (هەیاران و مەیاران یاخوا داکاتە باران بۆ فەقیرو هەژاران).

**خاوەنی چوارچاو:**

هەرُ پیاوێك ئەگەر دوو ژنی ببوایە پێیان ئەوت (خاوەنی چوارچاو). ئەگەر یەکێك نە گەرەکا تووشی نەخۆشی ی (سێ بەرۆ) بهاتایە. ئەچوون بۆماڵی (خاوەنی چوارچاو)و لێیان ئەپرسی خاوەنی چوارچاو نە خۆشەکەمان چی بخوات چاك ئەبێتەوە؟ ئیتر ئەم پیاوە لەو کاتەدا چ جۆرە خواردنێکی بەسەر دەمدا بهاتایە ئەچوون ئەوجۆرە خواردنەیان ئەدا بە نە خۆشەکەو پێی چاك ئەبووەوە.

**ئێشك گرتن:**

جاران وا باوبوو کە کوریان ببوایە بەتایبەتی ئەوانە کە کوریان نەبوایە. ئەهاتن حەوت شەو لە ئێوارەوە تا بەیانی نەئەنوستن بە سەرگوزشتە گێرانەوەو حیکایەت کردن و شەوچەرە خوارنو گۆرەوی بازیو گەلێ شتی تر ئەیانبردە سەر بۆئەوەی شەوە مناڵەکەیان نەخنیکێنێ و جارجارێ سەری مناڵەکەیان ئەداو بەمجۆرە ئەو حەوتشەوەئەمانەوە.

**گەسك دان:**

جاران کە گەسکیان ئەدا لەماڵ بۆ پاك کردنەوەی نەئەبوو لەکاتی گەسکدانا گەسکەکە بەرکەس بکەوتایە چونکە ئەیان وت ئەوکەسەی گەسکەکەی بەربکەوێ عومری کورت ئەبێ. وە ئەگەر گەسکەکە بەر یەکێك بکەوتایە خێرا چڵێکیان لە گەسکەکە ئەشکاندەوە بۆ ئەوەی عومری کورت نەبێ.

**ناڵ:**

کاتی خۆی ئەگەر یەکێك خانویەکی بکردایە ئەیانهێنا ناڵی کەرێکیان بە بەردەمی خانوەکەوە هەڵ ئەواسی لەبەر چاوەزار بۆئەوەی بەچاوەوە ەبن.

# لافاوی سالی ١٩٣٢

له سالیٚ ١٩٣٢زدا لافاویـك رووی‌دا له‌سلیٚمـانی كه ریٚكـه‌وتی مانگی تشـرینی دووه‌می هه‌مان سالٚ بووه، زیانیٚكی زوٚری له مالاٚن داوه‌و بازاری پركردووه له ئاو، ئه‌وه‌ی تیابووه نه‌بوٚته هوٚی له‌ناوچوونی خه‌لكی. حه‌مدی‌ی شاعیر له قه‌سیده‌یه‌كدا باسی كاره‌سات و چوٚنیٚتی ئه‌م لافاوه ئه‌كات له دیوانه‌كه‌یدا . به‌م شیٚوه‌یه ده‌سپیٚ ئه‌كات:

لافاوی سلیٚمانی

سالٚی جاریٚ هه‌ر ئه‌بیٚ ئه‌م شاره بیٚته مه‌زبه‌له /یابه بوٚمبا یا به ئاگر یا به بارانی په‌لٚه ئاگرت تیٚبه‌ربیٚ گه‌ردوون وا ئه‌بیٚ ده‌ورو خولت/ نایه‌لٚی قه‌ت مه‌زره‌عه‌ی ئومیٚدی كورد بیٚ دووپه‌له

بروانه دیوانی حه‌مدی چاپی ١٩٥٧ لاپه‌ره ١٠٤-١٠٥

× × ×

لافاوی سالیٚ ١٩٥٧

له روٚژنـــامـــه‌ی (ژین) ژمـــاره ١٣٦٦ی ١٩٥٧دا وا نوسـراوه: «گـه‌وره‌تـرین كاره‌سـات به‌سـه‌ر سلیٚمـانی‌دا دیٚت لافـاویٚكی نیوسه‌عاتی له‌ناكاو زیانی نزیكه نیو ملیون دینار ئه‌داو (٣٨ - ٤٠) كه‌س ئه‌خاته ژیٚر گلٚه‌وه چوٚن شه‌قامه‌كان بووبوون

ئەم یاریزانانەی سەرەوە یەکەم تیپ بوون کە دامەزراون وە لە سالی ۱۹۳۲زدا چوون بۆ کەرکووك بۆ یاری لەگەلّ تیپی تۆپی پێی (کەرکووك) لەئەنجامدا سلێمانی بردیەوە بە ۲ گۆلّ بەرامبەر بە یەك گۆلّ. وە ئەو وێنەیەش وێنەی تیپەکەی سەرەوەیە پاشان هەندێ یاریزانی تریش پەیدابوون وەکو:

١ ـ عبدولرەحمان موفتی ـ ئەفسەر

٢ ـ مەحموود خەفاف ـ ـ ئەفسەر

٣ ـ عەبدوڵلابەگی حەمەعەلی بەگ ـ ئەفسەر

٤ ـ ئەحمەد بەگی مستەفا بەگ ـ ئەفسەر

٥ ـ حەمە سالّح ژاژلەیی ـ سەرۆکی شارەوانی (گۆلّچی)

٦ ـ خالید شەفیق بەگ ـ مامۆستا

٧ ـ جیهان بەخش ـ مامۆستا

٨ ـ ئیبراهیم فەتاح هەرمنی ـ مووچەخۆر

٩ ـ شەوکەت دەروێش ئەفەندی ـ نائیب زابت

١٠ ـ حەمەی سالّح فەندی ـ مووچەخۆر

ئەم ١٠ قوتابیەی سەرەوە لەگەلّ (٣) یاری زانیتر بە سەرپەرشتی مامۆستای وەرزش داود ئەفەندی سالّی ١٩٣٧ ـ ١٩٣٨ بەشداریيان کرد لە کەرکووك لەنێوان شارەکانی باکووری عێراق وە سلێمانی بەر هەولێر کەوتبوو لەئەنجامدا سلێمانی بردوویەتیەوە وە ئەم وێنەیەمان لە یاری زانی ئەو تیپە کاك (عەبدولرەحمان موفتی) وەرگرت، وە ئەم یاریزانانەش لەو کاتەدا یارییان ئەکرد سالانی ١٩٣٠ ـ ١٩٤٠:

١ ـ عەتای کاکە حەمە ـ ئەفسەر

٢ ـ نەجیب ئەسکەندەر ئەلەکە ـ ئەفسەر

٣ ـ عومەر سوران ـ کاسب

٤ ـ قالەی حەمەوبەگ ـ مووچەخۆر

٥ ـ مەولود مارف ـ مووچەخۆر

٦ ـ ئەنوەر حەمە ئاغا ـ مامۆستای سانەوی

٧ ـ مەحمووی تۆفیق شلك ـ مووچەخۆر (گۆلّچی)

## تیپی توّپی پیّی ئەهالی لە سالْی ١٩٣٠ - ١٩٤٠

١ - تاهیر یەحیا بەگ - ماموّستای وەرزش
٢ - خەموّ - ئوتومبیّلچی
٣ - یووسفە سوور - ئوتومبیّلچی
٤ - کارنیکە سوور - کارەباچی
٥ - ئەنترانیك - کارەباچی
٦ - ئەحمەدی میرزا کەریم - قائیمقام
٧ - حەمەی سالْح ئەفەندی - مووچەخوّر
٨ - حسیّنی سالْح ئاغا - ماموّستای وەرزش
٩ - عوسمانی حاجی عارف دەباغچی - ماموّستای وەرزش
١٠ - مەتی خوّشابا - میکانیك
١١ - شیّخ قادری سەید عومەر - کاتبی ناحیە
١٢ - حەمید (جگەییر) - گوّلْچی
١٣ - ئەسکەندەر ئەلەکسەندەریان - ئەجزاچی
١٤ - دیکران ئەلەکسەندەریان - رادیوّ فروّش
١٥ - کەریم سوّفی سالْح - برنج فروّش

١٦ - [illegible]

## تیپی توّپی پیّی قوتابیانی سالْی ١٩٤٠ - ١٩٥٠

١ - عەلی ئەحمەد تەها - بەریّوەبەری زەریبەی دەخل
٢ - غەفوور تاهیر خالّەلە - ماموّستای وەرزش
٣ - ئەمین مەولود - بەریّوەبەری ئینحیسار
٤ - عومەر محەمەد ئەمین - ماموّستای وەرزش

٩٥٧/٤/١ تیپی شەریکەی دوکان ٦ ٠ سلێمانی
٩٥٧/٥/١٧ بروسکەی هەولێر ٣ ٦ سلێمانی
١٩٥٧/٧/١ کەوکەبی زەرقا ٥ ٠ سلێمانی
٩٥٧/٨/٩ یەکێتی خانەقین ئەهلی ٦ ٤ خانەقین
٩٥٧/٨/١٦ شوعلەی کەرکوک ٥ ١ سلێمانی
٩٥٧/٩/١٢ شوعلەی فەیلی بەغا ٣ ٣ سلێمانی
٩٥٧/٩/٢١ یەکێتی شێخلی بەغا ٤ ٢ سلێمانی
٩٥٧/٩/٢٣ بروسکەی هەولێر ٥ ٠ هەولێر
٩٥٨/٤/٢٩ تیپی فەیلی ١ ٢ بەغدا
٩٥٨/٦/١٣ شەریکەی نەوتی خانەقین ٢ ١ سلێمانی
٩٥٨/٦/٢٠ سەلاحەدین هەولێر ١ ١ سلێمانی
٩٥٨/٨/٢٣ تیپی فەیلی بەغا ٤ ٥ سلێمانی
٩٥٩/١/٢٩ لیوای پیادەی چوارەم ٢ ١ سلێمانی
٩٥٩/٢/١٨ کۆماری جەزائیر ١ ٨ سلێمانی
٩٥٩/٥/٢ ئاسووری کەرکووک ٢ ٤ سلێمانی
٩٥٩/٧/٣ نەهرێنی کەرکووک ٤ ١ سلێمانی
٩٥٩/١٠/٤ ئەلوەندی خانەقین ٢ ٢ سلێمانی
٩٥٩/١١/٢٠ نیقابەی کرێکارانی نەوتی کەرکووک ١ : ٥ سلێمانی
١٩٦٠/١/١٥ نیقابەی کرێکارانی نەوتی کەرکووک ٢ : ٣ سلێمانی
٩٦٠/٢/١٢ شەریکەی نەوتی کەرکووک ٥ ٠ سلێمانی
٩٦٠/٢/٢٧ هەڵبژێراوی هەولێر ٠ ٠ هەولێر
٩٦٠/٢/٢٩ هەڵبژێراوی موسڵ ٠ ٠ موسڵ
٩٦٠/٣/٦ هەڵبژێراوی موسڵ ١ ٢ سلێمانی

بەمەدا دەرئەکەوێت کە یانە تا ئەمڕۆ (٧٧) گۆڵی کردووە وە (٥٦) گۆڵی کراوە وە (١٢) یاری بردۆتەوەو (٨) یاری دۆڕاندووە وە لە (٥) یاریدا وەك یەك بووە.

عەلی ئەحمەد تەها

سکرتێری یانەی وەرزشی سلێمانی

بەسەریا .

٢٤٤ - خواداویە تیو لەقەی لێئەدا: دەست بە خێری خۆیەوە ئەنێت.

٢٤٥ - ئەم تێکوتەو تێبڕەیە چیبوو : بۆ کارێکی ناقوڵاو نالەبار.

٢٤٦ - گرفتار بووە پێوەی: گیرۆدەو دووچار بووە پێوەی.

٢٤٧ - بە هەڕەمەکیو گۆترەکاری: بۆ ئیشوکاری بێسەروبِی.

٢٤٨ - کە ووتی تێژ، تێژ: ئیستەرم : کە وتی دەی دەی ، پیِی لێ کردە کەوش، هەر ئێستەکی.

٢٤٩ - ئەیدەڵێنێ : ئاوی لێئەچێ، ئاو دائەدا.

٢٥٠ - سمی پێوە نا: مۆری پێوەنا

٢٥١ - لە خۆی بابی بووە : لە خۆی گۆڕاوە.

٢٥٢ - هاتەبار: ملینا .

٢٥٣ - با یەکالا بێتەوە : با بکەوێ بە لایەکدا.

٢٥٤ - با دەرفەتێ بێت : با فرسەتێ بێت.

٢٥٥ - بە تیری عەشقی گرفتار بوو : بە بینینی حەزی لێکرد .

٢٥٦ - کەڵەنێرە : بۆ کوڕێکی ئازا ئەوترێ .

٢٥٧ - مۆڵەتی بەرێ : ماوەی بەرێ.

٢٥٨ - تازە ئەوەڵی دوردگ و پیاڵەیەتی : تازە کەیف و زەوقی هەیەو لەم تەمەنەدا خۆی منالْ ئەکاتەوە.

٢٥٩ - گۆزان گۆزان : بۆ پێکەنین و خۆشی منالی ساوا .

٢٦٠ - دارە دارە : بۆ منالێك تازە پیئەگرێ.

٢٦١ - ڕیشو سمێڵی ماشو برنج بووە : ڕیش و سمێڵی موی سپی تێکەوتووە.

٢٦٢ - سەری بۆز بووە : قژی سەری سپی تێکەوتووە.

٢٦٣ - زامار بووە : بریندار بووە.

٢٦٤ - حەواڵە بە گەواڵە ئەکات : لەمەوە ئەینێرێت بۆ ئەوو ئیشەکەی بۆ ناکات.

٢٦٥ - ڕەش بگیر : خەتاو بێخەتا ، تەڕو ووشك پێکەوە ئەسووتێ.

٢٦٦ - بو بە خوێنی سیاوەحش هەر نەبرایەوە: بۆ شتێك کە زۆر درێژە بکێشێت و



● عومەری حاجی محەمەدی
ساماغا «قەڵەمچی»



● دەروێش ئەحمەد کەریم ـ
حەماڵ باشی گومرگ ـ
١٨٩٠ ـ ١٩٨٢



● فەقێ مەحموود توتنچی
١٩٠٠ ـ ١٩٧٣



● وەستا قادر ڕەسوڵ ـ
پانیبەرز دروو



● وەستا حەمەی حاجی قادر ـ
کەبابچی ١٨٩٠ ـ ١٩٤٤



● حاجی حەمە بچکۆل ـ
بازرگان ١٩٠٢ ـ ١٩٨٥



● حاجی محەمەدی مەلا ڕەحیم
١٨٩٧ ـ ١٩٨٦
«ناجیری ڕەشە وڵاخ»

● حاجی تۆفیقی ئەستێر
١٨٧٣ ـ ١٩٦٣



## فەهرەستی بەرگی دووەمی کتێبی «شاری سلێمانی»


١ ـ سابوون و سابوونچیەکان .

٢ ـ بەفریی گۆیژەو چاڵە بەفرەکان .

٣ ـ بەردی مەلکەندیو بەردکێشەکان .

٤ ـ جەراحەکان «حەکیم»

**٥ ـ ڕاوو ڕاوچی یەکان .**

٦ ـ سوار چاکەکان .

٧ ـ حەقایەت و حەقایەتخوان .

٨ ـ دیوەخانەکان .

٩ ـ دەنگە خۆشەکانمان .

١٠ ـ ناوی ئەو کۆمەڵەی کە بەشداری‌یان ئەکرد لە مەولوودا .

١١ ـ ناوی ئەو حافزانەی کە بەناوبانگ بوون لە مەولوودو تەعزیەدا .

١٢ ـ ناوی ئەو حافزانە کە بەناوبانگ بوون بۆ خەتم و تەهلیلەو ماڵان .

١٣ ـ ناوی ئەو گەڕۆکە ئینگلیزانەی کە لەکاتی خۆیدا هاتونەتە سلێمانی .

١٤ ـ ناوی ئەو کتێبانەی کەباسی مێژ ووی سلێمانی ئەکەن .

١٥ ـ ناوی گۆڤارو ڕۆژنامەکان .

١٦ ـ ناوی ئەو کتێبانەی کە لە سلێمانی‌دا چاپ کراون .

١٧ ـ کتێبخانەکان و کتێبخانەی گشتی .

١٨ ـ ئەو دەزگاو زاتانەی کە خەڵکیان فێری خوێندواری کردوە .

١٩ ـ جەمعیەتی کوردستان .

٢٠ ـ مامەیارە .

٢١ ـ زانای هەڵکەوتوو سەید ئەحمەد فائیز بەرزنجی .

٢٢ ـ لە ژیانی شێخ مەحموودا چی ڕوویدا؟ .

٢٣ ـ پیرەمێردی شاعیرو ڕۆژنامەنووس.
٢٤ ـ شاعیرو بلیمەتی بەناوبانگ مەلا حەمدوون.
٢٥ ـ کەریمی عەلەکە.
٢٦ ـ سەر گروشتەی زانایەکی نەمر.
٢٧ ـ لە ژیانی بەهرەوەر شێخ لەتیفی دانساز.
٢٨ ـ وێنەکێشی بەناوبانگ حەسەن فەللاح.
٢٩ ـ پیاوی سوعبەتچی و قسە خۆش.
٣٠ ـ هەندێ پیاوی تایبەتی.
٣١ ـ هەندێ پیاوی سەیر.
٣٢ ـ کەڕەکان.
٣٣ ـ شێتەکان.
٣٤ ـ کوڕی ئازاو شەڕە گەڕەکێ.
٣٥ ـ یاخی‌بوەکانی دەوروپشتی سلێمانی.
٣٦ ـ ئافرەتان لە گەڕەکەکاندا.
٣٧ ـ فۆلکلوری لەبەرکردن و ڕازاندنەوە.
٣٨ ـ هەندێ نەریتی کۆنی کوردەواری لە سلێمانی.
٣٩ ـ فۆلکلوری باوەڕی کۆن.
٤٠ ـ فۆلکلوری تیمارکردن.
٤١ ـ ئەوشتانەی لەمالاندا بەکار ئەهێنرا.
٤٢ ـ خواردنە کۆنەکان.
٤٣ ـ کارەسات و بەسەرهاتی شاری سلێمانی.
٤٤ ـ لە یادی کەریم ئەفەندی غەفور ئەفەندی ئەحمەد بەگزادە.
٤٥ ـ بەبیرەوەری من.
٤٦ ـ وەرزش لە شارەکەماندا.
٤٧ ـ جولانەوەی هونەری لە شارەکەماندا.
٤٨ ـ پرۆژەی ئاوو ئەلەکتریك.

٤٩ ـ ناوی شەقامەکانی شاری سلێمانی .
٥٠ ـ چاوەشەکانی شارەوانی .
٥١ ـ هەندێ لە پۆلیسی سوارەکان .
٥٢ ـ ناوی نۆبەچیەکان (مرور) .
٥٣ ـ ژمارەی دانیشتوانی شاری سلێمانی .
٥٤ ـ بۆ یەکەم جار لە سلێمانی .
٥٥ ـ ئەزانی .
٥٦ ـ پەندی پێشینان .
٥٧ ـ ووتەی جێگر لەنێوان گفت و گۆدا .
٥٨ ـ یاری جاران لەگەڕەکەکاندا .
٥٩ ـ چەند دیمەنێك لە ڕابواردنی کۆنی سلێمانی .
٦٠ ـ شیعری میللی
٦١ ـ پاشکۆ.
٦٢ ـ ڕوون کردنەوە .
٦٣ ـ سلێمانی کە دارالمولکی بابان بوو.
٦٤ ـ ناوەرۆکی بەرگی دووەم .

**رقم الایداع ٢٣١ ١٩٨٩**

**نەخشەی بەرگ: هونەرمەند علی لطیف**

* * *